له شەڕەفخانی بتلیسی سەدەی ١٦
تا میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی
سەدەی ١٩ی زایینی

هۆزەکانی کورد

لەروانگەی مێژوونووسانی کورد

یەڤگێنیا ئیلی‌نیچنا ڤاسیلییەڤا
وەرگێرانی: مەنسوور سدقی

٢٠١٦

هۆزەکانی کورد

لەروانگەی مێژوونووسانی کورد

لە شەرەفخانی بتلیسی سەدەی ١٦
تا میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی
سەدەی ١٩ی زایینی

یەڤگێنیا ئیلی‌نیچنا ڤاسیلیەڤا
وەرگێرانی: مەنسوور سدقی

٢٠١٦

پێڕست

پێشەکی وەرگێڕ	٤
ی. ئی. ڤاسیلی‌یەڤا و بەرهەمەکانی	٧
سەرەتا	١١
شەڕەفخان بتلیسی	١٤
عەبدولڕەزاق بەگی دومبولی	٤٦
مەلا مەحموود بایەزیدی	٥٠
قوتابخانەی مێژوونووسیی ئەردەڵان	٦٠
محەمەد شەریف قازی	٦١
خوسرەو بن مۆحەمەد بەنی ئەڕدەڵان	٦٤
ماە شەڕەف خانمی کوردستانی	٧٢
میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی	٧٦
سەرچاوەکان	٨٣

پێشەکی وەرگێڕ

ی. ئی. ڤاسیلی‌یەڤا ئەو لێکۆڵینەوەی لەساڵی ٢٠٠٣دا نووسیوە و ئەو کاتی لە چەند ماڵپەڕێکی رووسی بڵاوکراوەتەوە. لە ساڵی ٢٠١٠ بە هێندێک گۆڕانکاریی، لە گۆڤاری "بەڵگەنامە مێژووییەکانی رۆژهەڵات"[1]، ژمارە ١ (١٢)، لاپەڕەکانی ٢٠٧ تا ٢٣٠، لەچاپ دراوە. سەرچاوەی ئەو وەڕگێرانە، دەقی ئەو گۆڤاریە.

خانمە مێژوونووس و کوردناسی بەناوبانگ، ی. ئی. ڤاسیلی‌یەڤا، تەواوی ژیانی خۆی بۆ بەدوواداچوون، لێکۆڵینەوە، ئاشکرا کردن و تەنانەت گەڕان و دۆزینەوەی سەرچاوە کۆن و تازەکانی مێژووی کورد و

[1] ئەو گۆڤارە بەرهەمی "پەیمانگای دەستنووسە رۆژهەڵاتییەکان" لە سان پێترزبورگ، سەر بە ئاکادێمیای زانستەکانی رووسیایە کە ساڵانە ٢ ژمارەی لێ چاپ و بڵاو دەکرێتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە تا ساڵی ٢٠١٥، ٢٢ ژمارەی بڵاوکراوەتەوە.

http://www.orientalstudies.ru/rus/index.php?option=content&task=view&id=51

کوردستان لە ئاڕشیڤخانە و پەڕتووکخانەکاندا بردۆتەسەر [1].

ی. ئی. ڤاسیلییەڤا، ئەو نووسراوەی تەرخان کردووە بە هۆزەکانی کورد و وەک بۆخۆی باسی دەکا، "تەنیا لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا، نەخشی مێژوویی هۆزی کورد لە لێکۆڵینەوە کوردناسییەکاندا سرنج و بایەخی ڕاستەقینەی بۆلای خۆی راکێشاوە. پێشتر، زۆربەی هەڵسەنگاندنەکان بەتەواویی نەرێنی بوون". پاشان باسی ستروکتورە کۆمەڵایەتی- سیاسییەکانی پێکهاتنی کۆمەڵگای کورد دەکات و ئاماژە بە زۆر لایەنی سرنجڕاکێشی ئەو ستروکتورە دەکات کە بێگۆمان بۆ ناسین و لێکدانەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و بەگشتی تەوای کۆمەڵگای هەنووکویی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان زۆر گرینگە.

هەستی مرۆڤدۆستانە و کورد دۆستانەی ی. ئی. ڤاسیلییەڤا سەبارەت بە چارەنووسی مێژوویی نەتەوەی کورد کە لە قوڵایی لێکۆڵینەوە زانستی و بێلایەنەکانی ئەو خانمە کوردناسە مەزنە سەرچاوەی گرتووە، لە وشە بە وشەی نووسراوەکانیدا و بەرەبەرە لەو ماوە دور و درێژەی ژیانی زانستیانە لەپێناو مێژووی کورد و کوردستاندا، هەڵکشانی بەخۆیەوە بینیوە و بەتایبەت لەو نووسراوە کورت و پۆخت و فرە بەنرخەی کە ئێستا لەبەر دەستاندایە بە جوانی خۆی نیشان دەدات.

کاتێک نووسەر لەزمانی مێژوونووسەکانی کورد داخ و بەژارەی خۆی

---

[1] پروانە بەرهەمەکانی لە ل. ٨.

بـۆ یەکنەگرتـوویی و پەرتەوازەیـی سیاسـی لایەنە جیاوازەکـانی کـورد دەردەبـڕێ و کاتێـک باسـی نـاوچەگەریی و خـۆبەزلزانینی هێنـدێک لایەنـی دیکە دەکـات و وەک کێشـەیەکی لەبڕنەهـاتووی کـورد نـاوی لێـدەبات، بۆچـوونی سـەرەوە دەسـەلمێنێ. ی. ئی. ڤاسـیلییەڤا، تەنانەت لە هەمـوو کـورد دەپـارێتەوە بـۆ دۆزینەوەی سـەرچاوە مێژووییە نادیارەکـان تـا زۆرتریـن زانیـاری لە سـەر مێـژووی ونکـراوی کـورد بـۆ سـاخکردنەوی شـکۆ و هێـزی کـورد و سەلماندنی مـافی حاشالێنەکراوی بۆ دامەزرانـدنی کیـانێکی سـەربەخۆ، پێشـانی جیهـان بدرێت.

هیوادارم ئەو بەرهەمە بەنرخە یارمەتیدەری ئەو پسپۆر و لێکـۆڵەرانە بێت کە خۆیان بە مێژووی گەلەمـان خەریـک کـردووە و تـا دێ ژمارەیـان زۆرتر دەبێ.

تێبینی:

هەموو ئەو روونکردنەوانەی کە لە دەقەکە یان لە ژێرنووسـەکان و لە نێو دووکەوانی راستدا [...] هاتووە، لەلایەن وەرگێڕەوە زیادکراوە.

ی. ئی. ڤاسیلی‌یەڤا و بەرهەمەکانی[1]

یەڤگێنیا ئیلی‌نیچنا ڤاسیلی‌یەڤا، دوکترای زانستە مێژوویەکان، لە ساڵی ١٩٣٥ لە گوندی کێیی‌ڤێتس، سەر بە ناوچەی نۆڤۆگۆرد لەدایکبووە. لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٤ وێڕای ماڵباتی لە شاری لێنینگراد نیشتەجێ دەبن. لە ساڵی ١٩٥٣ پاش تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی، لە زانکۆی میریی لێنینگراد، لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسی وەردەگیرێ. پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، لە ١٩٥٨.

---

[1] سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیمانگای دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان، سەربە ئاکادێمیای زانستەکانی ڕووسیا (سان پێترزبورگ)

http://www.orientalstudies.ru/rus/index.php option=com_personalities&Itemid=74&person=50

۸.۱ەوە تـــا ســـاڵی ۲۰۱٦ لە پەیمانگـــای رۆژهەڵاتناســـی سەر بە ئاکادێمیای زانستەکانی رووسیا کاریکردووە. مێژووی کورد و کوردستان لە سەدەی ناوەڕاســـت و سەردەمی نـــوێ، ئاڕاســـتەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکـانی پێکـدێنێت. لەسـاڵی ۱۹۷۷ تـوانی بـبێتە کاندیـد بـۆ وەرگرتنـی دوکـترای مێـژوو و لە ۱۹۹۲ لەسەر نووسـینی پەڕتـووکی " باشـووری رۆژهەڵاتـی کوردسـتان" نازنـاوی دوکـتری مێـژوی پێـدرا. بەرهەمەکانی بریتین لە:

۲۰۱۲

●علی اکبر وقایع‌نگار کردسـتانی، "حـدیقه ناصـری"// لە فارسـییەوە، پێشەکی، تێـــبینیی و ئاماژەکـــان، ی. ئی. ڤاســـیلی‌یەڤا، ســـان پێترزبورگ، وەشانخانەی Neostro- Istoriya، ۲۰۱۲، ۳٥٦ لاپەڕە.

۲۰۱۰

●ی. ئی. ڤاسـیلی‌یەڤا، جافەکـان نمـوونەیەکی کلاسـیک لە هـۆزی کورد // بەڵگەنـامە یادگارییەکـانی رۆژهەڵات، ژمـارە ۱ (۱۲)، ۲۰۱۰. ل. ۹۳-۱۰۲.

●ی. ئی. ڤاسـیلی‌یەڤا، مێژوونووسـانی کـورد و هۆزەکـانی کـورد (لە شەڕەفخان بتلیســـی – سەدەی ۱٦ تـــا میـــرزا عەلـــی ئەکبەری کوردســـتانی- سەدەی ۱۹) // بەڵگەنـــامە یادگارییەکـــانی رۆژهەڵات، ژمارە ۲ (۱۳)، ۲۰۱۰. ل.ل. ۲۰۷-۲۳۰. "نووسراوەی ساڵی ۲۰۰۳"

ى.ئ. واسیلى‌یه‌ڤا، شه‌ڕه‌فخانى بتلیسى. سه‌رده‌م. ژیان. نه‌مریى. به وردبینى شاكروو محۆى (E. I. Vasilyeva. Sheref-khan Bidlisi: Epoch, Life, Immortality) سان پێترزبورگ. وه‌شانخانه‌ى "نائووكا"، ٢٠٠٣. ١٠٤ لاپه‌ڕه ، ISBN 5-02-027098-9

- ڕه‌شید سه‌برى ڕه‌شید، (ڕه‌شاد میران). هه‌لومه‌رجى ئایینزا نه‌ته‌وه‌ییه‌كان له كوردستانى هاوچه‌رخدا، به ئێدیتۆریى ى. ئى. ڤاسیلى‌یه‌ڤا- سان پێترزبورگ، "نائووكا"، ٢٠٠٣، ١٨٤ لاپه‌ڕه. ISBN 5-02-026975-1 (١٩٩٩)

- Vasilyeva E. The First Persian, French and Russian Editions of the “Sharaf-nāma” // Manuscripta Orientalia. Vol. 5, No 1, March 1999. P. 27-31. (1991)

- ى. ئى. ڤاسیلى‌یه‌ڤا، باشوورى ڕۆژهه‌ڵاتى كوردستان له سه‌ده‌ى ١٧ تا سه‌ره‌تاى سه‌ده‌ى ١٩. لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كى مێژوویى له میرنشینه‌كانى ئه‌رده‌ڵان و بابان، به ئێدیتۆریى م.س. لازرێڤ. مۆسكۆ، 'نائووكا'، سه‌رنووسه‌رى تۆره‌ى ڕۆژهه‌ڵات، ١٩٩١ (١٩٩٠)

- ماه شه‌ڕه‌ف خانم كوردستانى. ڕووداوه‌كانى خانه‌دانى ئه‌رده‌ڵان. له فارسییه‌وه، به پێشه‌كى و تێبینیى ى. ئى. ڤاسیلى‌یه‌ڤا، به ئێدیتۆریى ئۆ. ف. ئاكیموشكین، مۆسكۆ، نائووكا، سه‌رنووسه‌رى

تۆرەی رۆژهەڵات، ١٩٩٠

١٩٨٤

- خوسـرەو بـن محەمەد بەنـی ئەردەڵان. رووداوەکـانی (مێـژووی میرنشینی خـانەدانی بەنـی ئەردەڵان). لەرووی وێنەی ئەو پەڕتـووکە. بڵاوکـردنەوە، وەرگێـران، پێشـەکی و تێـبینیی: ی. ئی. ڤاسـیلیەڤا، ئێـدیتۆر ل. ت. گئۆزەلیـان، مۆسـکۆ، نائووکـا، سەرنووسـەری تـوورەی رۆژهەڵات، ١٩٨٤.

سەرەتا

لەو نووســراوەیەدا بیروبۆچوونەکـانی 6 مێژوونووســی کـورد پێشــکەش دەکەم کە بەرهەمەکانیـان بە زمـانی فارســی نووســیوە. هەریەک لەو نووســەرانە ســەبارەت بە هــۆزی کـورد بەپێـی پێگەی کۆمەڵایەتییـان و تەنانەت شـوێنی نیشـتەجێ بوونیان (لە شـار یـان لە گونـد)، بۆچــوونی تایبەت بەخۆیان هەبووە.

* * * * * *

هەڵســـەنگاندن و پێـــداچوونەوە بە پێگە و گرنگیـــی خێـــڵ و هـــۆز و عەشــیرەتەکان لە چارەنووســی مێــژووی کـورددا دژوارە. ســتروکتوری عەشیرەتی هەر لە سـەرەتاوە لەگەڵ مێژووی کورد هاوشـان و هـاوڕێ بووە و لەوانەیە بە شێوەیەکی ڕاســتەوخۆ کـاردانەوەی لەســەر گشــت کۆمەڵگـای کـوردی دانەنـابێ. بەڵام ئەو ســتروکتورە کـۆمەڵایەتییە بە تەواویــی کــاردانەوەی لە سـەر هــزری کــۆمەڵایەتی کــورد لە هەمــوو بوارەکانی ژیانیدا واتە، لە ژیـانی ئابـووری، لە ســتروکتوری دەســەڵات،

لە پێکهاتەی هزرە داسەپاوەکاندا داناوە. هەموو قۆناخەکانی رابـردووی خەبــاتی سیاســی و خەبــات لەپێنــاو دەســەڵات لە کوردســتاندا بەشێوەیەکی ناچـاری و لەبنەڕەتەوە لەگەڵ هـزری خێڵایەتیـی تێکەڵاو بــووە. ســەرچاوەی دەســەڵاتی هەریەک لە بنەمــاڵە و خــانەدانە حوکمڕانەکان دەگەڕێتەوە بۆ هۆزێکی مەزن یان یەکێتیی چەندین هۆز.

هۆزی کورد، ئەو واتا و مانا مێژوویی و پاشکەوتوو و کۆنەپەرەستانە لەخۆ نـاگرێ، کە لە روانگەی بـاودا بەو پێکهـاتە کـۆمەڵایەتییە پێـش لە کۆمەڵگــای چینــایەتییە دەگــوترێ. هــۆزی کــورد، ســتروکتورێکی کــۆمەڵایەتی-سیاسیی و ئابـووریی زینـدوو، پڕچـالاک و ژیانمەنـدە کە لەسەر بنەمـای هەسـتی خزمـایەتی و هاوسـۆزیی گشـتگیر بـۆ هـۆز پێکهاتووە. پێوەستبوون بە هۆز لە رێگای لەخۆبردوویی ئەندامانی هۆز و بە پشتیوانی کۆمەڵەی یەکگرتووی هۆز پێکدێت.

تەنیا لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا، نەخشی مێژوویی هـۆزی کـورد لە لێکۆڵینەوە کوردناسییەکاندا سـرنج و بـایەخی ڕاسـتەقینەی بـۆ لای خۆی راکێشاوە. پێشتر، زۆربەی هەڵسەنگاندنەکان بەتەواویی نەرێنی بــوون، چونکــوو پرۆســەی یەکگرتــوویی نەتەوەیــی لە کوردســتان هەمیشە لە بەرامبەر یەکگرتوویی خیڵایەتییدا داڕماوە. کلیلی ئاشکرا کردنی دیاردەی هۆزی کورد لە سرووشتی دیالیکتیکی ئەو ستروکتورە کۆمەڵایتیە دایە. دوو تەوەژمی (Potential) زۆر بەهێز لەو ستروکتورەدا لێکگرێـدراون: تەوەژمــی لێــک هەڵــبڕان و لەوەش بەهێزتـر تەوەژمــی یەکگرتن. لێرەدا یەکگرتـن کە لە هاوپشـتیی گشـتگیرانەی خێڵایەتیـدا خۆدەبینێتەوە، بایەخی سەرەکی پەیدادەکات.

تەوژمی یەکگرتوویی و خۆپاراستن کە لەناو خێڵدا شاردراوەتەوە، لێهاتوویی ژیان و توانایەکی لێنەبڕاوە دەداتە هۆز بۆ بووژانەوە و سەرلەنۆ بەردەوام بوون. لە هەلومەرجە زۆر دژوارەکانی کوردستان و لە کاتی شەڕ و پێکدادانەکان و وێرانکارییەکاندا کە مێژووی وڵاتی کوردان لێواولێوە لێیان، هۆز تەنیا ستروکتورێکی کۆمەڵایەتی بووە کە لە چیاکانەوە، واتە لە پانتایی ژێر دەسەڵاتییدا، توانیوێتی هەلومەرجەکە کۆنترۆڵ بکات. هۆز بۆ کورد پەناگای ئابووری، سیاسی و هزری بووە. کورد تەنانەت وەک کەمایەتییەکی نەتەوەییش زۆر بە دژواری دەیتوانی پارێزگاری لە خۆی کردبا، ئەگەر لە هەلومەرجە ئاستەمەکانی مێژووی خۆیدا نەیتوانیبا دەستی بگاتە چیاکانی، ئەو شوێنەی کە هەمیشە بۆ هۆز و رەوەندی کورد، قەڵا و پەناگا بووە.

هۆز ستروکتورێکی کۆمەڵایەتی-سیاسییە کە گەشەی کۆمەڵایەتی تێیدا لە ئاستی هەرە نزمدا نییە. پرسەکە لە ئالۆز نەبوونیدایە. باشترە بڵێین ئاڵۆزیی تێدا هەر بەدی ناکرێ. لەو روانگەوە هۆز پێکهاتەیەک نییە تەنیا "پاشەرۆک" یان یادگارییەکانی سیستەمی بەرە-خێڵی بە بەردەوامی پاراستبێت، بەڵکوو، سیستەمێکی سادە و ساکارە، بۆیە مۆدێلێکی چالاک (Mobile) و ژیانمەندی کۆمەڵایەتی-سیاسییە. هەر بۆیە کاتێک ستروکتورێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی هێندێک ئاڵۆزتر لە کوردستان شکستی هێناوە، واتە میرنشینەکانی کورد بەرەو نابودی چوون، خێڵ توانیوێتی خۆی بپارێزێ و بەردەوام بێ.

شەڕەفخان بتلیسی (١٥٤٣-١٦٠٣/٤)

لە "شەڕەفنامە"، کتێبی شەڕەفخان بتلیسی مێژوونووسی مەزنی کورد لە سەدەی 16دا، هۆزەکانی کوردستان شوێنێکی شایستەیان هەیە. نووسەر هەر لە دەستپێکی ئەو کتێبەوە باسی پێکهاتنی هۆزی کورد و داب و نەریتەکانی دەکات. بۆ شەڕەفخانی بتلیسی، قەومی (Ethnicity) کورد لە دەرەوەی ئەو ستروکتورە مانای نەبووە.

هۆزەکان پێشاندەر و وێنای هێز و توانای سەربازیی گەلی کورد بوون و "لەنێو حوکمڕانانی کوردستاندا ئەوانەی کە پشتیان بە هۆز و خێڵە بەهێز و پڕئاپۆراکان دەبەست، ناوی عەشیرەتەکانی خۆیانیان لە دەسەڵاتەکەیان دادەنا، وەک حوکمڕانییەکانی هەکاری، سۆران، بابان و ئەردەڵان. ئەو دەسەڵاتانەش کە خاوەن قەڵا و یان شارە مێژووییەکان بوون، بە واتای ئەو شوێنانەوە دەناسران..." (شەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل. ٨٧)

١٤ بەشـــی "شـــەرەفنامە" تەرخـــانکراوە بـــۆ هـــۆزە مەزنەکـــانی کوردســـتان: هـــۆزە یەکگرتووەکـــانی کەڵهـــور، برادۆســـت، دومبـــولی، موکری، مەحمودی، سولێمانی، سوێیدی، زرقی، میرداسی، پازوکی، زەنگەنە، شـێخ مەنسـور، زەرزا، ئاسـتونی. شـەرەفخان لە پێرسـتی کتێبەکەیـدا، بـڕگەی ٢ لەبەشـی ٩ی تەرخـان کـردووە بـۆ ئیـزەدییە ئازاکـــانی هـــۆزی داســـنی[١]، بەڵام لە نێـــو تەواوی دەستنووســـە ناسراوەکانی شـەرەفنامەدا کە لەبەر دەسـت دان، ئەو بەشـە بـوونی نییە. لەوانەیە ئەو بەشە هەر نەنووسراییت.

هێنـدێک لە هـۆزە مەزنەکـانیتری کوردسـتان کە "شـەرەفنامە" باسـیکردوون، لە پێرسـتی ئەو مێژوونـامەیەدا ئامـاژەی پێنەکـراوە. لە پێرستدا، شـوێنی گرینـگ و سـەرەکی دراوە بەو سلسـلە و خـانەدانە بەناوبانگـانەی کوردسـتان کە هـۆزە هەرە مەزنەکـانی کوردسـتان پشتیوانیان بوون. ئەگەرچـی ئامـاژە بە هێنـدێک لە هۆزەکـان نەکـراوە، بەڵام دیـارە لەبیـر نەکـراون و بەلانـی کەم لە لابەلای لاپەڕەکـانی ئەو کـتێبەدا باسـیان کـراوە. سـەبارەت بە هۆزەکـان، نووسـراوەکەی شەرەفخان هەڵگری گەلێک زانیـاری گرانبەهـا و بێـوێنەیە. شـەرەفخان لەپێش هەمووان‌دا باسی بۆهتی [بۆتان] دەکات، کۆمەڵە خێڵانێکی زۆر مەزن کە لە قۆنـاخێکی دوور ودرێـژدا هـۆزێکی یەکگرتـوو پێکـدێنن و لە نـاوچەی مێژوویـی جزێـر، واتە لە میرنشـینی بۆهـتی لە ناوەڕاسـتی کوردسـتاندا ژیـاون. (بە کـوردی بۆتـان) [لەمەودووا هەر بۆتـان بەکـار

---

[١] بەوتەی رەشید میران، هۆزی "داسنی" بە "ئیزدییەکان" گوتراوە. بڕوانە (رەشید میران، ٢٠٠٣، ل. ٦٥).

دێـت]. شـــەڕەفخان ئەو نـاوچە مێـژووییەی بە نـاوی هـۆزی بۆتـان، بە "ولایەتـی بۆتـان" نـاوزەد دەکـات. بـۆ نووسـەری "شـەڕەفنامە"، نـاوی خانەدانی دەسـەڵاتدار و نـاوی هـۆزی پشـتێوانی خـانەدان، هەروەهـا ناوی ناوچەی ژێـر دەسـەڵاتیان، یەک واتـای هەبـوو: خـانەدانی بۆتـان، هۆزی بۆتان و وەلایەتی بۆتان.

پاش پەیدابوونی ناوەکانی "هۆزی بۆتان" و "سلسـلەی بۆتـان" کە بەپێیێ زۆربەی بۆچوونەکان هاوکات پێکهاتوون، واتای "ویلایەتی بۆتـان" وەک ئەو ناوچەیەی کە خـانەدانی میرنشـین خـاوەنی بـوون، هـاتووتە گــۆڕێ. هەڵکشـــانی ماڵباتەکـــان بـــۆ وەدەســـتهێنانی دەســـەڵاتی سیاسـی، لە کوردسـتانیش وەک هەمـوو شـوێنەکانی دیکە لە رێگـای هێز و توانای هۆزێک یان کۆمەڵێک لە هۆزەکـان ڕەخسـاوە. لە لایەکـی دیکەوە، هزری هێنانەکایەی سیاسـی "سلسلەی بۆتان"، رێـک تـوانی ژمارەیەکی زۆر لە خێڵەکان و لکوپۆیەکانی لەژێر پەڕوباڵی خـۆی بگـرێ و هۆزێکی یەکگرتوو وەک "هۆزی بۆتان" پێکبێنێت.

"هۆزی بۆتان" یەکێک لەو زۆربە هـۆزە سـەردەمیانەی کـاتی خـۆی بـــوو کە لە ژیـــانی سیاســـیی نـــاوچەکە بەشـــداریکردووە و لەلایەن ســــەرچاوەکانی ســــەردەمی "خەلافەت" باســــیکراوە. قەڵا پتەو و تـــۆکمەکەی دەســـتەڵاتدارانی بۆتـــان لە بـــاکووری شـــاری جزێـــر، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگـری دەسـتەڵاتی درێژخـایەنی ئەو هـۆزەیە. هـــۆزی بۆتـــان بەپێـــی نووســـراوەکانی شـــهاب الـــدین العـــۆمەری، مێژوونووســی عەڕەب لە سـەدەی 14ی زاینـی، ڕکـابەرایەتیی لەگەڵ

هـۆزی توانـا و بەهێـزی حەمیـدی (حۆمەیـدی) کـردووە (EI2, 1981,[1] fasc. 85–86,Vol. V, P. 456).

جێــیێ ئامــاژەیە کە لە لاپەڕەکــانی پەڕتــوکەکەی شــەڕەفخانی بتلیسـییدا لە هێندێک شوێن وەک هۆزی بۆتان و هێندێک جاریش وەک هۆزەکانی بۆتـان ناویـان لێـدەبات (شــەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل. ١٧٥، ١٧٧، ١٨١، ١٨٣-١٨٥، ١٩١، ١٩٥، ١٩٧، ٢٠٠)، لێــرەدا هیــچ هەڵە یـــان کەمتەرخەمییەک رووی نەداوە. بۆ نووسـەری شـەڕەفنامە، هۆزی بۆتان (هەر وەک هــۆزە مەزنەکــانی دیکەی کوردســتان) چ وەک کــۆمەڵە هۆزێــک و چ وەک هــۆزێکی یەکگرتــوو، هاوتــایە لەگەڵ ســەرجەم لکوپۆیەکانی گشــت خێڵەکـانی بۆتـان کە هەم یەکگرتـوو بـوون و هەم لەهەمان کاتدا هەریەک ســەربەخۆ. شــەڕەفخان "لە نێـوان خێڵەکـانی کوردسـتاندا" ئاماژە بە "هـۆزی بۆتـان" و نە "هۆزەکـانی بۆتـان" دەکـات واتە زۆر بەئاشـــــکرا بۆتانییەکـــــان وەک هـــــۆزێکی یەکگرتـــــوو هەڵدەسـەنگێنێ.

کاتێـک باســی بۆتانییەکـان دەکـات، وشــەکانی مێژوونـووس پڕە لە شــانازی و فەخــر. بۆتانییەکــان بە پیــاوەتیی، بــوێریی ســەربازی و بەتــایبەت لە ئەســب ســـوارییدا زور بەناوبانــگ بــوون. بۆتانییەکــان لەشەڕەکانیاندا بە چەکوچــۆڵی گرانبەهـــا، ئەســـبی عەڕەبـــی، شـەمشیری میسـریی، خەنجەری دێمشـقی گرینگێکـی زۆریـان داوە. لەرۆژی تەنگانە و لە بەرامبەر دوژمناندا لەرێزێکـی یەکگرتـوو و پتەودا و بەبــێ ســڵکردن راوەســتاون. بە وتەی نووســەری شــەڕەفنامە، لەو

---

[1] EI2= The Encyclopaedia of Islam. New edition. Leiden–London

روانگەیەوە بۆتانییەکان لە "نێوان هاوتاکانیان لە گشت کوردستاندا" جیا دەکرانەوە (شەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل. ١٧٥، ١٧٦)، جێی ئاماژەیە کە دەستنیشانکردنی پلە وپایەی پیاوەتی و خۆراگری لە نێوان خێڵەکانی کوردستاندا کارێکی ئاسان نییە، تەنانەت بەپێی وتەکانی شەڕەفخانیش ڕادەی پلەوپایەی شەڕکەریی گشت کوردان و بەتایبەتی هۆزەکانی کورد، جیاواز بووە.

ئازایی و گەورەیی هۆزی بۆتان هەلی مەزنبوون دەڕەخسێنێ بۆ ماڵباتێک کە دەبنە خانەدانێکی بەناوبانگی کوردستان و پێشاندەر و نموونەی کوردایەتی. ئەو خانەدانە هەروەها پاشان دەبنە وێنای ڕەسەنایەتی و دەسەڵاتی میرایەتی و بە ناوی بنەچەی ناوداری خۆیان [بەدرخان]، بە خانەدانی بەدرخانییەکان ناوبانگ دەردەکەن.

شەڕەفخان بۆمان دەگێڕێتەوە کە چۆن خانەدانی میرەکان بە پشتیوانی هۆزی بۆتان توانیان قورسایی سیاسی خۆیان زیادتر بکەن و ببنە خانەدانێکی مەزن و بەتوانا. لێرەدایە کە بە پێی بەهێزبوون و بەرزبوونەی پلەوپایە و وەدەستگرتنی دەسەڵاتی سیاسی، خانەدانی حوکمڕان دەستیاندایە شێوازەکانی دوورکەوتنەوە لە بنەچەی کۆمەڵگای خێڵایەتیی بۆتان و تەنانەت لە رووی ئەتنیکیشەوە دوورکەوتنەوە لە بنەچەی خۆیان[١]. بنەچە نامە (شەجەرە نامە)ی خۆیان دەگەیەنە ناوی سەرداری عەڕەب، خالید بن وەلید،

---

[١] بۆ زانیاری پتر سەبارەت بە هەوڵی گۆرینی بنەچە و خۆ بە بێگانە زانینی زۆربەی خانەدانە حوکمڕانەکانی کورد، بڕوانە: ڤاسیلیەڤا، "دەقێک سەبارەت بە دەستکارییەکانی پیاوماقوڵانی خانەدانە کوردەکان بۆ لکاندنی بنەچەیان بە "بێگانە" وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی". لە پەڕتووکی "بەڵگەنامە یاردگارییەکان و کێشەکانی مێژووی کولتوریی گەلانی رۆژهەڵات. بەرگی ٢٤، بەشی ١، چاپی مۆسکۆ، ١٩٩١".

خوشەویستی محەمەد، پێغەمبەری ئیسلام و بەو شێوەیە ئاستی شانی خانەدانی خۆیان دەگەیەنە رادەی شانە پیرۆزەکان.

بەپێی نووسراوەکانی شەڕەفخان، دەکرێ بڵێین کە هۆزی بۆتان بەردەوام پشتیوانێکی بەهێزی خانەدانی میرنشینەکەی بووە و لەبەرامبەر هەر مەترسێکی دەرەکییدا، بەغیرەتەوە بەرگریی لێکردووە. کاتێک کێشەی دەسەڵات لە میرنشیندا هاتووتە گۆڕێ، هۆزی بۆتان بەتەواوی هێز و توانایەوە لە هەمبەر ئەو مەترسییانەدا کە لە دەرەوە هەڕەشەی لێکردووە، بوێرانە و بە بێ رەچاوکردنی لایەنی مەترسییەکە، ڕاوەستاوە. خانەدانی میرانی بۆتان و کۆمەڵی یەکگرتووی هۆزانی بۆتان بە یەکەوە دیاریکەری ئاڕاستەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسیی میرنشینی بۆتان بوون. خانەدانی میرانی بۆتان لەسەرەوەی گشت ستروکتورە کۆمەڵایەتییەکانی میرنشیندا، حوکمڕانی هۆز بووە، هۆزیش وەک تەوەرەییەک کە بەشێوەیەکی دیار [concrete] ژیانی کۆمەڵایەتی-سیاسیی تێدا ورد و بەرجەستە دەبووە، پالپشتی لە خانەدانی میران و پەیوەندییەکانی کردووە.

وەک شەڕەفخان باسی دەکا، لەبەرامبەر مەترسییە ناوخۆییەکان و کێشەی وەدەستگرتنی دەسەڵات لە لایەن باڵە جیاوازەکانی ماڵباتی حاکم، هۆزی بۆتان نەیتوانییەوە بەرگریی لێبکات، تەنانەت زۆر جار هۆز بۆتە گۆرەپانی بڵاوبوونەوەی ئەو ململانییە ناوخۆییانە. کێشەکانی بەمیرات بردنی دامودەزگای میرنشین بەپێی هەڵوێستی کۆمەلەی یەکگرتووی هۆز بڕیاری لەسەر دراوە کە بە بێ ئەملاو ئەولاش تەنیا

خانەدانی میری گرتووتەوە، واتەماڵباتی میرنشین جێگۆڕکێی نەبوو.

خانەدانی دەسەڵاتداری بۆتان و هۆزی بۆتان بە درێژایی مێژووی خۆیان رووبەڕوی قۆناخی زۆر دژوار بوونەتەوە، لەوانە کاتێک نزیک بە نیو سەدە لە میژوویان دەکەوێتە بارێکی ئاڵۆز و نادیار. ئەوەش پاش هێرشی میر تەیمور بۆ سەر قەڵای جزێر و وێرانکردنی، و لەناوبردنی ناوچەی بۆتان روودەدات. شەڕەفخانی بتلیسی زۆر وردبینانە ئەو بارودۆخە ئاڵۆز و دژوارەی کاتی دەسەڵاتداریەتی دوو لە میرانی بۆتان باس دەکات. لە کاتی هاتنە سەر کاری حەسەن بەگی ئاق قۆینلوو [ئۆزۆن حەسەن] (١٤٥٣-١٤٧٨)، هۆزی بۆتان سەربەخۆیی خۆی بەئاشکرا ڕاگەیاند و لە بەرامبەر فشاری حەسەن بەگدا، بە بەرگریی هەمەلایەنە وەڵامیان دایەوە. لە ئاکامدا بۆتان لە لایەن تورکانی ئاق قۆینلوو داگیر کرا. وەک شەڕەفخان دەنووسێ، بۆتان و جزێر بە درێژایی ٣٠ساڵ بە "ئەوپەڕی ناهۆمێدی و بێدەرەتانی"[١] دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئاق قۆینلوو (شەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل. ١٨٤).

لە شەڕەفنامەدا هاتووە کە بەشی هەرە زۆری بەگزادەکانی هۆزی بۆتان دەکوژرێن، نوێنەرانی خانەدانی دەسەڵاتدار و خۆدی میری بۆتان، دەست و پێیان زنجیردەکرێ و دەخرێنە بەندیخانەکان. هۆزی بۆتان لێکدەپرژێ و پەرش و بڵاو دەبێتەوە. کاتیک "خۆری دەسەڵاتی بەهێزی ئاق قۆینلوو کەوتە قۆناخی ئاوا بوون"، میر شەڕەف رێبەریی بەرگریی بۆتانییەکانی دەگرێتە دەست و بە یەکخستەوەی بۆتانییەکان

---

[١] وەشەکانی نووسەر پڕ لە داخ و پەژارە، هۆزی رۆژکی و میرنشینی بتلیس کە شەڕەفخان بۆخۆی لەو ماڵباتە بووە، دوچاری چارەنووسێکی هاوشێوە دەبن کە لە درێژایی ئەو باسەدا ئامازەی پێدەکەین.

دەستپێدەکات. میر شەڕەف "گشت کەسانی زیندوومادەی هۆزی بۆتان"ی لە ژێر ئاڵای خۆی کۆدەکاتەوە (شەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل، ١٨٣، ١٨٤), بەپێی دوواییین بەشی ئەو ئامازەیەی شەڕەفنامە، دەکرێ جەخت سەر ئەوە بەکەینە کە سەرکوتی بێبەزەییانەی ئاق قۆینلوو تەنیا بەگزادەکان و خانەدانی دەسەڵاتداری هۆزی بۆتانی نەگرتبووە، بەڵکوو هەموو ئەندامانی کۆمەڵە هۆزی بۆتانیشی کردبوو بە ئامانجی خۆی.

میر شەڕەف بەپشتیوانی هێز و توانا کۆکراوەکەی هۆزی بۆتان توانی "ویلایەتی بەمیراتگەیشتوو بەخۆی" رزگار بکات و لەکۆتایی سەدەی ١٥دەبێتە حوکمڕانێکی سەربەخۆ. بەڵام کار ناگاتە ئازاد کردنی برا و مامەکانی میر شەڕەف لەزیندان، کە هەمدیسان دوژمنێکی ترسناکی دیکە لە بەرامبەر خانەدانی حوکمڕان و هۆزی بۆتان بەناوی سەفەوییەکان زەق دەبێتەوە.

شا ئیسماعیل سەفەویی (١٥٠١-١٥٢٤) پاش هێرش بردنە سەر ئاق قۆینلوو، دەست بەسەر ناوچەکانی کورد لە دیاربەکر، مۆسڵ، سنجار [شنگال] دادەگرێ و هێزەکانی رەوانەی جزێر دەکات. لە نێوان سپای قزلباش و هێزەکانی هۆزی بۆتان شەڕ و پێکدادانێکی زۆر روودەدات و وەک شەڕەفخان ئامازەی پێدەکات، لە تەواوی ئەو شەڕانەدا میر شەڕەف و بۆتانییەکان سەرکەوتن وەدست دێنن. لە یەکێک لەو شەڕانەدا، ١٠٧٨ قزلباش دەکوژرێن و ژمارەیەکی زۆر بەدیل دەگیرێن. پاش سێەم هێرشی بێ ئاکامی سوارانی شەڕکەری قزلباش بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میر شەڕەف، شا ئیسماعیل

ئیـتر تـا مەرگـی میـر شـــەڕەف، هیـچ هێرشـێکی‌تر ناکـاتە سـەر ئەو ناوچانە. تەواوی ژیانی میر شــەڕەف لەپێنـاو خەبـات بـۆ ئازادی بۆتـان و یان ئامادەکردنی ئەو خەباتە تەرخان کراوە.

وەک شــەڕەفنامە بـاس دەکـات، شــا عەلـی بەگ، جێنشــینی میـر شـەڕەف، لە ڕێژەی ٢٠ میرەکەی کوردسـتان بـوو کە چـوون بـۆ دیـداری شــا ئیســماعیل. هەمـوو ئەو ٢٠ ســەرکردانە ئامــادەیی خۆیـان بـۆ خزمەتکـردن بە شـای سـەفەوی رادەگەیەنـن، بەڵام بە فەرمـانی شـا ئیســماعیل دەستبەســەردەکرێن و دەخرێنە زینـدان. ناوچەکـانی ژێـر دەسـەڵاتیشـان پێشـکەشـی پیاوەکانی شـا دەکرێـن. عەلـی بەگ پـاش ڕزگاربوونی لە زیندان، هێرش دەباتە سـەر سـپای قزلبـاش و نـوێنەری شـا لە دەسـەڵات لادەبا و دەستبەسـەری دەکات، پاشـان لەگەڵ میـری بتلیـس، واتە بــاوەگەوەرەی نووســەری شــەڕەفنامە، میـر شـەڕەف، لەسـەر بنەمای برایەتیی یەکێتیی پێکدێنن. لەمەو بەدووا، عەلـی بەگ ئیتر سیاسیەتی خۆی بەرەو ئاڕاسـتەی سـوڵتانی تورک دەباتە پێش.

لەلایەن میـــری بۆتـــانەوە و بەنـــاوی ئەو بـــرایەتییەی لەسـەرەوە باسـمان کرد، بەردەوام دەسـتێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی میرنشــینی بتلیس کـراوە، بەتـایبەت کاتێـک چارەسـەرکردنی کێشـەی میراتگریـی جێنشـینانی میری بتلیس هاتۆتە گۆڕێ. پێداگری بۆتانییەکـان لەپێنـاوی ئەو مــافەدا بــۆتە هۆکــاری نــاکۆکی و پێکــدادانی بەردەوام لە نێــوان هۆزەکانی بۆتان و ڕۆژکی.

دەسـتێوەردان لە کاروباری جێنشـینی تەختی دەسـەڵاتی میرنشــین لە بتلیس، بەردەوام هۆزی بۆتانی خسـتووتە شـەڕ و کێشـە لەگەڵ ئەو

بەشە لە هۆزی رۆژکـی کە لە بـاڵە دژبەرەکـانی نێـو خـانەدانی حـاکم پشـــتیوانیان کــردووە. بەو هــۆیەوە، نــاکرێ بە یەک پێــوەر پەیوەنــدییە خێڵایەتییەکــانی نێــوان ماڵبــاتە دەســەڵاتدارەکان لە بتلیــس و جزێــر هەڵسەنگێنین. بێگۆمان ئەو دوو لایەنە بەرژەوەندی هاوبەشی یەکجـار زۆریـان لەگەڵ یەک هەبـوو. بەڵام شــەڕەفخان بە شــانازییەوە باســی عەشــیرەتی بۆتـان دەکـات و دەڵێ نـاوی بۆتـان لەلای کـوردان وێنـای غیرەت و بوێری سەربازی بووە (شەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل. ١٧٥).

شــەڕەفخان لە کۆتـایی ســەدەی ١٦ و هاوکـات لەگەڵ نووســینی "شەڕەفنامە" کە هاوچەرخە لەگەڵ دەســەڵاتی میـر شــەڕەف، ئەو بە "حاکمێکی رەسەنی جزێـرێ" و بە میـرێکی ســەربەخۆ (شــەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل. ٢٠١، ٢٠٢) هەڵدەســـــەنگێنێ و دەڵـــێ، ئەو ســـــامان و داراییەی کە میـری جزێـر هەیبـوو، هیچکـام لە حاکمـانی کوردســتان نەیانبوو.

شەڕەفخانی بتلیسی بەوپەڕی هەستەوە، دیارە زۆر سرووشتییە - باسی هۆزی رۆزکی (بەکـوردی رۆژکـی) وەک پشــتیوان و پاســەوان و پێکهێنەری خانەدانی میرانی بتلیس دەکات کە خۆشــی یەکێـک لەوان بـووە. وادیـارە شـێوازی پێکهـاتنی یەکگرتـوویی عەشـیرەتی لە هـۆز و بنهۆزەکانی هۆزی رۆژکی بۆ داگیرکردنـی بتلیـس و هەرێمـی بتلیـس، نمـونەیەکی کلاسـیکیی بێـت لە پێکهـاتنی کـۆمەڵەیەکی یەکگرتـووی عەشیرەتی.

داگیرکردنی بتلیس و ناوچەکەی، رووداوێکی زۆر ئاڵـۆز و خێـرا بـووە. هــۆزانی کــورد، کە هێنــدێکیان هەر سەر بە نــاوچەکە بــوون ("هــۆزە

دێرینینییەکـــانی ویلایەتـــی بتلیـــس”) و هێندێکیشــــان کە لە وتەی مێژوونووس دەردەکەوێ لە ناوچەکانی دیکەوە هـاتبوون، "لە رۆژێکـدا"[١] کۆدەبونەوە و ناوچەکە لەناو خۆیانـدا دابەشـدەکەن، واتە پێکـدێن کـێ، خـاوەنی کـام نـاوچە بـێ. لەهەمـان کاتـدا سـەرۆکێک هەڵـدەبژێرن لەسەرووی هەموو ئەو کۆمەڵە یەکگرتووە عەشیرەتییە بێت کە پێکیـان هێنابوو.

کـــار بـــۆ داگیرکردنـــی بتلیـــس خێـــرا دەســـتپێدەکات. تـــاکتیکی داگیرکـــردنەکە ئەوەنـــدە رێکوپێـــک دەبـــێ کە رۆژکییەکـــان زۆر زوو بە مەبەســـتی خۆیـان دەگەن و لە نـاو بتلیســدا جێگیـر دەبـن. یەکێـتیی ســـەربازی-ستراتیژێکیی هۆزەکـان وەرچەرخـان بەخـۆیەوە دیێنـێ و دەگاتە ئاستی کۆمەڵەی یەکگرتووی عەشیرەتی. لەسەرەتا هاوپشت دەبن لە دژی هەموو ئەو لایەنانەی کە خاوەنی هەرێمی بتلیس بـوون و پاشـــانیش دیـارە لە دژایـتیی لەگەڵ ئەو کەســـانەی دەیانەویســـت دەسەڵاتی ئەو ناوچەیە بگرنەوە دەست. ئەو کەسانەش کەم نەبوون. ئەو ناوچەیە بەهۆی بەروبوم و هەڵکەوتەی ســتراتیژێکیی، زۆر جێگـای بایخ و سرنج بووە.

پـاش مـاوەیەک، لەنێـو کـۆمەڵەی یەکگرتـووی عەشـیرەتی رۆژکیـدا دووبەرەکی دەســت پێـدەکات، "هەمـوو شـتێک لە هۆزەکـانی رۆژکیـدا یەک لە دووای یەک دەستیان پێکرد و کەس بە گوێ کەسـی نەدەکرد" (شەڕەفنامە. ١٩٦٧، ڵ. ٤٠٤)، ئەو کەسەی بـۆ سـەرۆکایەتی هەمـوو

[١] ئەوەیە شێوازی پێکهاتنی (ئێتیمۆلۆژی) ناوی کۆمەڵگایەکی عەشـیرەتی بەپێـی دابونەریـتی ناوچەکە، رۆژکی = رۆژ ئێکی

هۆزەکــان دانرابــوو، دەمــرێ و کەســـی‌تر بــۆ جێنشـــینیی خــۆی دەستنیشان ناکات. دیارە ئەو کەسەش بێگۆمان دەبا سـەر بە یەکێـک لە هۆزەکـــانی کـــۆمەڵەی یەکگرتـــووی عەشـــیرەتی بـــێ. لەو هەلـومەرجەدا، بەوجـورە لـە نووسـراوەی شـەڕەفخان تێـدەگەین کە جێگـری راسـتەقینەی سـەرۆکایەتی کـۆمەڵەی یەکگرتـووی هۆزەکـان دەبوو ئەو کەسـە بـێ کە بە هیچکـام لە هۆزەکـان بەسـتراوە نەبـێ و هاوکـاتیش لە هەمـوو هۆزەکـان بەیەک شـێوە دوور بـێ. لێـرەدایە کە سـەرۆک هۆزەکـانی رۆژکـی دەگەنە قەنـاعەتی پێکهێنـانی خـانەدانی حـوکمڕان تــا ئەو مەرجــانەی تێــدا بێــت. دوو بــرا کە بە رەچەڵەک دەگەیشنتەوە پاشاکانی ساسـانی دەستنیشـانکران و یەکێـک لەوانە کرا بە میر کە وەک ئەفسانەیەک شەڕەفخانی بتلیسیی دەیگێـڕێتەوە، لە ئاکامدا یەکێک لەو برایانە دەبێتە حاکمی بتلیس، و ئەوی‌تر حـاکمی خەزۆ [لە ناوچەی جزێر].

گرینـگ نییە چەنـدە داسـتانی بـوونی ئەو دوو برایـە و پەیوەنـدیی بنەچەیان بە ساسانییەکان راست بێت، گرینگ لەو هەلـومەرجە کە لە شەڕەفنامەدا زۆر بە جوانی و دوورودرێژیش باسکراوە، ئاکامەکەیەتی. هـۆزی رۆژکـی خانەدانێـک بـۆ دەسـەڵات بۆنیـاد دەنـێ و حـوکمڕانی بتلیسی پێدەسپێرێ و تێدەکوشـی سـیما و رووخسـارێکی شـاهانەی پێ بدات. بۆ سازکردنی قارەمانەکان راسـتی و درۆسـتیی رووداوەکـان زۆر گرینــگ نییــن و وەک لە گێــڕانەوەکەی دەردەکەوێ، نووســـەری رووداوەکەش لەو ڕاستییە باش تێگەشتووە. قارەمانێک سـازدەکرێ کە "کارتێکەریی" دەبی لە رازاندنەوەی سیمای خانەدانێک و خزمەت دەکا

بـۆ مەزنکـردنەوەی نـاوی ماڵباتێـک. ماڵبـاتی حـاکم مەزنـتر دەبـێ لە هەمـوو پێکهاتەکـانی هـۆز و بەیەک ئەنـدازەش دوور دەبـێ لە هەمـوو بەشــەکانی ئەو پێکهـاتەیە. ئەو کەسە دەکـرێ بەحـوکمڕان و هـۆزی ڕۆژکیش دبیتە خزمەتکارێکی بەتوانا و بەئەمەکی ئەو حوکمڕانە.

هـۆزی ڕۆژکـی دەبێتە پالپشــتی خـانەدانی میـر، کە شــەڕەفخانی بتلیســیش ئەنـدامێکی ئەو خـانەدانەیە. لە کۆتـایی ســەدەی ١٦ و لە کاتی نووسینی شــەڕەفنامەدا، ئەو هـۆزە ٢٥ خێـڵ لەخـۆ دەگـرێ. دوو باڵی "بلبـاس" و "قـوالیس" بریـتی دەبـن لە ٢٠ خێـڵ و ٥ خێڵیتریـش وەک "کۆنــترین هۆزەکــانی ویلایەتــی بتلیــس" شــوێنێکی تایبەتیــان هەبـووە. لەوانەیە مەبەســت لە دامەزرانـدنی سیســتەمی دوو بـاڵ و چەند یەکەی خێڵێ تایبەت و تەنـانەت ژمـارەی هـۆزە دابەشــکراوەکان لەو سیستەمەدا، بۆ ڕێکـوپێکردنی ژیـانی عەشـیرتی و پێشــگیریی لە ململانییە عەشیرەتییەکان بووبێت.

دوو باڵی هۆزی ڕۆژکی زۆر بەئاشــکرا ڕکـابەری یەکـتر بـوون و وەک یەکەیەکـــی یەکگرتـــوو نەهەمیشـــە لەگەڵ یەک حـــاواونەوە. ئەو ڕکابەرایەتییە کاتێک زۆر بە زەقـی خـۆی پێشـاندەدات کە گۆڕانکـاری لە پێکهاتەی میرنشین پێویست بووبێت. هەر دوو باڵی هۆزی ڕۆژکـی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشەی جێنشـینی میـر کەڵکیـان لەکاریگەرییەکـانی خۆیــان وەرگرتــووە. شــەڕەفخان نمــونەیەکی زۆر بەرچــاو لەو بــارەدا بەجوانی باسدەکات.

لە ســاڵی ١٤٩٣/٩٤ و پـاش مەرگـی میـری بتلیـس، دەســەڵات لە بتلیــس درا بە بـــاڵی "قـــوالیس" و میـــر ئیـــبراهیم بـــوو بە میـــر و

"بەڕێوەبردنی ئەرکە گرینگەکان کەوتە دەستی بەگزادەکانی قـوالیس" (شـــەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل. ٤٣٩، ٤٤٠)، ســـەرۆک هۆزەکـــانی بـــاڵی "بلبـــاس" نـــارزایەتیی خۆیـــان دەردەبـــڕن. شـــێخ ئەمیـــری بلباســـی، ســــەرۆکی هەرە مەزنـــی بلباسەکان، بڕیـــاری کۆتـــایی دەدا کە کاردانەوەیەکی مەزنـی لەسـەر چارەنووسـی بـاوەگەورەی نووسـەری شــــەڕەفنامە، واتە میـــر شــــەڕەف بەدوواوە دەبـــێ. بەپێچەوانەی چاوەڕوانی هـۆزی قـوالیس، شـێخ ئەمیـری بلبـاس و عەشـیرەتەکەی هاتنە "خزمەت" میر شەڕەف لە موش، ئەو شوێنەی کە میـر شـەڕەف وەک جێگـری میرنشـینی بتلیـس لێـی دەژیـا. بەحەول و تێکوشـانی بلباســەکان، میــر شــەڕەف بەخــاوەن تەخــتی دەســەڵاتی بتلیــس رادەگەینـدرێ. پـاش هـاتنی میـر شـەڕەف بـۆ بتلیـس دەسـتبەجێ رێورەسمێکی رازاوە بە بۆنەی راگەیاندنی میـری نـوێ بەڕێـوە دەچـێ. شــێخ ئەمیــر بلباســی بە دەســتی خــۆی میــر ئیــبراهیم لە تەخــتی میرایەتی رادەکێشێتە خوار، پاشـان دەسـتی میر شەڕەف دەگرێ و بەو ئاواتەی کە "با ئێسـتا هەرکەس لە شـوێنی خـۆی دابنیشـێ" لەسـەر تەختی میرایەتی دادەنێ (شەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل.٤٤٠، ٤٤٤).

مخابن رووداوی لەو شێوەیە زۆر بەدەگمەن روویداوە. هـۆزی رۆژکـی بە هەموو لکوپۆکانی، زۆرجار لە خانەدانی میرایەتیی بەرگریی کـردووە و وەک پاسـەوان ماڵبـاتی میرانـی پاراسـتووە. خـانەدانی میرنشـینی بتلیس و هۆزی رۆژکی بەبێ یەکتر هێز و توانـای خۆیـان لەدەسـتدەدا. تەنـانەت ئەگەر خـانەدانی میرنشـین بـۆ مـاوەیەکیش دەسـەڵاتیان لەدەســـتدابا، کـــۆمەڵەی یەکگرتـــووی هۆزەکـــان خێـــرا دەکەوتنە

بێســـەرەوبەرەیی و پەڕشـــوبڵاویی. بـــۆیە خـــانەدانی میرەکـــان وەک دەســـتەبەر و گـــارانتیی بەردەوامیـــی ژیـــانی هۆزکـــان بـــوون و بە شـــێوەیەکی نەپچـــڕاو، فیـــداکارانە و لەخۆبردووانە سەرپەرەشـــتی هۆزەکانیان کردووە.

بۆ هۆزی رۆژکی، تەنیا ناوی ماڵباتی میرنشین راکێشەرێکی بەهێـز بوو بۆ راپەڕین و ئامادەکردنی هۆز بۆ رێکخستن و دامەزراندنی یەکێتی و یەکبوون. هۆزی رۆژکـی لە پێنـاو خـانەدانی میـر و دەسـتەبەرکردنی تەخـتی میرایەتیـان، تەنـانەت لەلێـواری هەلـدێری لێـک بڵاوبـوونەوە، دیسان هێزی تازەی کـۆکردووتەوە و لە پیناویـدا بەشــەر هـاتووە. وەک لە نموونەکەی شەڕەفخانی بتلیسیدا سەبارەت بە مێژووی باوباپیرانی دەردەکەوێ، تەنانەت هێندێک جـار جـوامێری و پیـاوەتیی عەشـیرتی و تێکۆشـان بۆ بەردەوامبـوونی دەسـەڵاتی خـانەدانی میـران لە ئامـادیی خۆدی خانەدانی دەسەڵات بۆ وەدەستگرتنی دەسەڵات پێشدەکەوێ. واتە هۆز رۆڵی کۆڵەکەی سەرەکی و کارا دەگێڕێ.

لە شـــەڕفنامەدا دەتـوانین نمـوونەی زۆر بەرچـاو بـبینیین کە کاتێـک ئاسۆیەکی روونی سیاسی بۆ دەسەڵاتی خـانەدانی میرانـی بتلیـس لەپێشـچاو بەدی نەکـراوە، چۆنچـۆنی هـۆزی رۆژکـی سـەرلەنوێ ئەو دەســەڵاتیان بــۆ گەڕانــدۆتەوە. هەلـومەرجێکی ئاوا لە ســەدەی 15دا روودەدات، کاتیک میری بتلیس و هەروەهـا میرنشــینی بۆتـان دەکەونە دەست پیاوانی سۆڵتانەکانی ئاق قۆینلوو و دەسەڵاتی بتلیس و جزێـر بە دەستنیشاندەکانی سۆڵتانی "مەرسپی" دەدرێن.

شـەڕەفخانی بتلیسی زۆر بە وردی و بە جوانی دەنووســێ، هـۆزی

رۆژکـی چـۆن دووبـارە پێکهێنـانەوەی خـانەدانی میرنشـینی بتلیـس دەخاتە ئەستۆی خۆی و هەنگاو بەهەنگاو، سەرلەنۆێ پێکی دێنێتەوە. دڵسـوزانی هـۆزی رۆژکـی یەک بە یەک پاشـماوەی ئەنـدامانی پەرشوبڵاوی ماڵباتی میر، تەنانەت میرمنداڵانیشیان، بە بێ رزامەنـدی دایکانیـان. بە قەنـاعەت پێهێنـان، بە پـاڕانەوە، بە هێنـانەوەی وتـاری ئایینی کە لەخەودا پێیان گوتراوە، کۆیاندەکەنەوە. ناوی خـانەدانی میـر وەک ئاڵایەک بەرزدەکـرێتەوە. بە نـاوی خـانەدانەوە، رۆژکییەکـان سـەرلەنوێ دەکەونە بەرخۆدان و لە پێکدادانەکانـدا دەکـوژرێن. ئەندامانی خانەدانی میرنشینیش دەبنە قۆربـانی، وەک لە یەکێـک لەو شـەڕانەدا، باوکی باوەگەورەی شـەڕەفخانی بتلیسـی دەکـوژرێ کە لە لایەن رۆژکییەکانەوە بانگهێشتکرابوو و لە بتلیس دانرابوو. سـەرئەنجام لە سـاڵانی ٩٠ی سـەدەی ١٥دا، پـاش هەوڵ و تێکۆشـانی بەنرخـی هۆزی رۆژکی، دەسەڵاتی خـانەدانی میرنشـینی بتلیـس سـەرلەنوێ دادەمەزرێتەوە.

لە سەدەی ١٦دا بۆتانییەکـان و بۆتـان، ماڵبـاتی میـری بتلیـس و عەشـیرەتی رۆژکـی دەکەونە ناوەنـدی ململانییەکـانی ئێرانـی و تورکەکـان و هێزێکـی زۆر لەدەسـت دەدەن و بە زەحمەت لە ململانییە کۆتـایی لـێ نەهاتووەکـانی دوو زلهێـزی نـاوچەکە، ئیمپراتـووریی عۆسمانی کە گەیشـتبوو لـۆتکەی هێـز و توانـای خـۆی و ئیمپراتـووری سەفەوی کە لەسەر لێکگرێـدانی دوو بیـرۆکەی مەترسـیداری ئیسلامی عیرفانی و هاوپەیوندیی عەشیرەتی تازە پێکهاتبوو، رزگاریان دەبـێ. ئەو شـەڕە تەوای خـاکی کـوردان دەتەنێتەوە، شـەڕەکانی ئەو

دوو ئیمپراتـــوورییە، ژینگەی کـــوردانی بە دوو بەرەدا دابەشــــدەکات. حوکمڕانــانی کـورد بە گـۆڕانی هەڵوێســتەی سیاســییان تـا ١٨٠ پلە ناچاردەکرێن و دەکەونە هەڵوێستگۆڕین لە نێوان ئەو دوو بەرەیەدا.

پێگەی زۆر گرینگـــی ژێئۆجـــوگرافی وڵاتـــی کـــوردان، ســــوڵتانە عۆســـمانییەکان و شـــیخە سەفەوییەکان هــان دەدا تــا بــێ بــڕانەوە هەڵــومەرجی هەریەک لە میرنشـــین و عەشـــیرە کوردەکــان بەوردی بخەنە ژێــر چــاوەدێری. بەتــایبەت میرنشــینی بتلیــس و عەشــیرەتی ڕۆژکی دەکەونە ناوەندی ئەو گرینگی پێدانە. بۆ نمـوونە دەکـرێ ئامـاژە بە ژیان و بەسـەرهاتی شـەڕەف خانی بتلیسیی و باو و باپێرانی بکەین (بڕوانە، ڤاسیلیەڤا، ٢٠٠٥).

مێژووی عەشیرەتی ڕۆژکی بە پێی "شـەڕەفنامە" ڕێگامان پێدەدا تــا هاوسۆزی عەشیرەتی وەک دیاردەیەکی کـۆمەڵایەتی هەڵسـەنگێنین. فەداکاریی و خۆبەخشـیی سـەرسـووڕهێنەری عەشـیرەتی ڕۆژکـی لە لانکەی هــزری خۆبەخشـــی عەشـــیرەتیدا لە دایکبــووە. عەشـــیرەتی ڕۆژکی سـەرەڕای نەبوونی گرێدراویی خوێنیی لە ناویانــدا، بەو خوێنـانە لێک گرێدرابوون کە لە بەرەکانی شـەڕدا لە پێنــاو بەرژەوەنـدیی، توانـا و سـەربەرزیی هۆز و بە ناوی خانەدانی حـوکمڕانی میرنشـینی بتلیـس بەخشـــی بوویــان. بە چاوپێداخشــــاندن بە نووســـراوە مێـــژوویەکەی شـەڕەفخان سـەبارەت بە هــۆزی ڕۆژکــی، دەتــوانین بڵێیــن کە لە نێــو عەشــیرەتی ڕۆژکیـدا هـزری هاوپشــتیی عەشـیرەتی گرینگیـی هەرە سـەرەکی هەبۆوە، نەک هـــاوخوێنبوونی راســـتەقینە یـــان خـــوازراو و ســازکراو. یەکگـرتنەوە لە پێنــاو یەکگرتــوویی و یەکگرتــوویی لە پێنــاو

یەکگرتنەوە، سەرەکیترین ئامانجیان بووە.

باپیرانی شەرەفخانی بتلیسی بەلانی کەم سێ جار سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندووە، تەنانەت نووسەری "شەرەفنامە" دراوی "درهەم" کە ناوی حاکمانی بتلیسی لەسەر بوو بە چاو خۆی بینیوە.

یەکێک لە مەزنترین شانازییەکانی شەرەفخان، سکەی "شەمسەدینی" بووە کە لە سەدەی ١٤ و لە زەمانی حکوومەتی میر شەمسەدین "لە کاتی زۆر ئاڵۆزی، ململانی تورکمانەکان" رەواجی هەبووە و لە شارەکانی کوردستان بەناوبانگ بووە و خانەدانە مەزنەکان وەک "نیشانەی بەختەوەری بۆ گشت وڵاتی کوردان" پاشکوویان کردووە "شەرەفنامە. ١٩٦٧, ل. ٤٢٢". ئەو دراوە وەک نۆشتە و دۆعا جێگای گرتبوو. ناکری لێرە ئاماژە بە بۆچوونی نووسەری "شەرەفنامە" نەکەین کە چۆن بە گەلێک شانازییەوە باسی خانەدانی خۆی و هۆزی رۆژکی دەکات: "ئەگەر حاکمە مەزنەکان سەودای گرتنی کوردستانیان هەبێ، بێگۆمان لە یەکەم هەنگاودا لەگەڵ حاکمانی بتلیس و هۆزی رۆژکی رووبەروو دەبنەوە" (شەرەفنامە. ١٩٦٧, ل. ٤٠٥).

لای شەرەفخانی بتلیسی کۆمەڵگای عەشیرەتی رۆژکی دیاریکەری هێز و بەرخۆدان، توانا و مەزنایەتی بووە بۆ گشت وڵاتی کوردان. شەرەفخانی بتلیسی سەبارەت بە عەشیرەتەکانی کورد ئاماژەی بە بابەتی زۆر سرنجراکێش کردووە. لێرەدا بۆ نموونە ئاماژە بە چارەنووسی عەشیرەتی مەلکیشی (هەمان عەشیرەتی چەمیشگەزەک) دەکەین. ئەو عەشیرەتەی کە لەگەڵ میرەکانی

خانەدانی حاکم، دۆچاری گەلێک چارەڕەشی و کوێرەوەری و کوشتن و بڕین و ڕاگواستن دەبن و تەنانەت ناوی کۆمەڵگا عەشیرەتییەکەشیان گۆڕانی بەسەردا دێ. دیارە لایەنە شاراوە و نهێنییەکانی ئەو گۆڕانە ئاشکرایە و سەلمێندراون.

چەمیشگەزەک کۆمەڵەیەکی یەکگرتووی عەشیرەتی کوردە کە بەپێی شوێنی جێگیربوونیان لە ناوچەی چەمیشگەزەک (دێرسم) گۆڕان بەسەر ناویدا هاتووە. چەمیشگەزەک یان دێرسم ناوچەیەکی چڕوپڕی شاخاوییە. ئێستا ئەو ناوچەیە یەکێکە لە ناوچە پاشکەوتوو و کەم ئاپۆرا و پەراوێزخراوەکانی کوردستان (Bruinessen, 1992, p. 150).

بە پێی ئاماژەی شەڕەفخانی بتلیسی، لە کاتی دەستەڵاتداری حاکمانی چەمیشگەزەک کە نزیکەی سەد ساڵی خایاندووە، ئەو میرنشینە لەپانتاییەکی بەریندا ١٦ ناوچە و ٣٢ قەڵای لەخۆگرتووە و گەلێک بەتوانا بووە. وەک لە نووسراوەکانی "شەڕەفنامە" دەردەکەوێ، ئەو ناوچەیە لە پێش چاو دونیای دەرەوە، سیمبۆلی هێز و خۆڕاگری کوردستان بووە. بە پێی نووسراەکانی شەڕەفخانی بتلیسی، ئەو میرنشینیە لە کوردستاندا پانتاییەکی بەربڵاوی هەبوو کە "پیاوماقۆلان و خەلکی ئاسایی و بەتایبەت لە فەرمان و بڕیار و یاسا حکۆمییە شکۆدارەکانی خۆیاندا، ئەو وڵاتە بە کوردستان ناودەبەن، هەروەها لە دونیای کوردیدا هەر کاتێک ناوی کوردستان دێت، مەبەست چەمیشگەزەکە" (شەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل. ٢٢١).

لە لاپەڕەکانی "شەڕەفنامە"، ئەگەرچی لە بەشی حاکمانی

چەمیشگەزەکدا باسی هۆزی چەمیشگەزەک نەکراوە، بەڵام لە پێشەکی سەبارەت بە هۆزی دومبولی دا و لە بەشی سێیەم "دەربارەی میرانی کورد لە ئێران"دا باسی ئەو هۆزە دێتە گۆڕێ. لەبەشی "دەربارەی حاکمانی چەمیشگەزەک"دا، باسی هۆزی مەلکیشی دەکات. بەپێی نووسراوەی شەڕەفخانی بتلیسی، کۆمەڵەی یەکگرتووی عەشیرەتیی میرنشینی چەمیشگەزەک رێک بەناوی کەسایەتی بەناوبانگ و دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵە یەکگرتوویە، مەلکیشی ناونراوە.[1]

بەهەمان شێوە کە کۆمەڵەی یەکگرتووی عەشیرەتی رۆژکی لە سەدەی ١٠دا بۆ دەستبەسەرداگرتنی بتلیس پێکدێت، هۆزی مەلکیشیش بۆ بەدەستگرتنی دەستەڵاتی ئەو ناوچەیە پێکدێت کە پانتاییەکەی میرنشینی چەمیشگەزەکی دەگرتەوە.

پربڕەی پێکهاتەی هۆزی مەلکیشی بریتی بوو لە کۆمەڵەیەکی مەزن کە مەلکیشی کۆیکردبۆووە. بە وتەی شەڕەفخان، ئەو پێکهاتە عەشیرەتییە لە سێ بەش پێکدەهات: "ئەوانەی کە لە تەواوی کوردستاندا بە هۆز و خێل و پیاو و لایەنگرانی پرئاپۆرا، بەناوبانگ بوون و پتر لە هەزار ماڵباتیان خزمەتکاری دەرباری شاهەنشاهی ئێران بوون" (شەڕەفنامە. ١٩٦٧، ل. ٢٢١).

بەپێی "شەڕەفنامە"، پاشەرۆکی مەلکیشی سەردەمانی سەخت و دژواری چەنگیزخان، میر تەیموری گورخانی، شارۆخ میرزا، قەرە

[1] وەک نووسەری "شەڕەفنامە" باسی دەکات، ناوی مەلیک شا بووە و بەرەبەرە گۆرانی بەسەردا هاتووە و بۆتە مەلکیش.

یۆسـف قەرە قۆینلـوو تێپەڕدەکەن. لە کـاتی هـاتنە سـەر دەسـتەڵاتی ئۆزۆن حەسـەن ئاق قوینلــوو، ئەزمــونێکی دژوار هەم بــۆ خــانەدانی حـوکمڕانی چەمیشــگەزەک و هەم بـۆ کـۆمەڵەی یەکگرتـووی هـۆزی مەلکیشــی دەســتپێدەکات. ئەو ســۆڵتانە تورکمــانە بەمەبەســتی "لەناوبردن و نابودکردنی" خانەدانی حکومرانی میرانی چەمیشگەزەک دەستدەکات بە داگیرکاری و لە ئاکامدا چەمیشگەزەک کران بە مریدی ئۆزۆن حەسـەن. بەڵام شــێخ حەسـەن، میــری چەمیشــگەزەک، وەک شـەڕەفخانی بتلیســی دەڵــێ "ئەو کەســانەی لەو ناوچــانەی کە بە میرات پێان دەگەیشت" (شـەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل. ٢٢٢) دەرپەڕانـد و ئەو ناوچانەی دیسان وەدەست هێناوە.

هەر لە سـەرەتای سـەدەی ١٦ و پاش خامۆش بـوونی دەسـتەڵاتی سیاســی ئاق قۆینلــوو، سـەفەوییەکان بەخیرایــی بەرەو لــوتکەی دەســتەڵات لە ئێرانــدا هەڵکشــان. سـەفەوییەکان لە دەســتپێکی جموجـۆلی سیاســی خۆیانـدا و تـا سـاڵی ١٥١٢، سـنوری بـاکووری رۆژئاوای ئیمپراتوورییەکەیــان گەیشــتە ئۆرفــا و چەمیشــگەزەک و ئەرزرووم (Bruinessen, 1992, p. 139). بــۆ داگیرکردنــی چەمیشــگەزەک، نــور عەلــی خەلیفە، میــری قزلبـاش رەوانەی ئەو ناوچەیە کـرا. حـاجی رۆسـتەم بەگ، نەوەی شـێخ حەسـەن، حـاکمی ئەو کـاتی چەمیشـگەزەک تەوای ١٦ نـاوچە و ٣٢ قەڵای میـر نشـینی چەمیشگەزەکی رادەستی قزڵباشـەکان کرد. بۆ مـاوەیەک کۆتـایی بە دەسـتەڵاتی ئەو میرنشــینە هـات. بەپێــی نووســراوەی شـەڕەفخانی بتلیسـی، حاجی رۆستەم بەگ دەرچوو بۆ ئێران و بـوو بە عەزیـزی شـا

ئیســـماعیلی یەکەم و بــۆ قەرەبــووی چەمیشـــگەزەک، حکــوومەتی ناوچەیەکی عێراقی پێدرا.

کــۆمەڵەی یەکگرتــووی هــۆزی مەلکیشـــی کەوتە بەر شـــاڵاوی تونــدوتیژیی و سـەرکوتکردن لە لایەن مریــدانی شـــا ئیســـماعیلەوە و بەشـــێکی بەرچـــاوی مەلکیشـــییەکان (لەوانەش، پیاومـــاقووڵان، "میرزادەکـان") لەسـێدارە دران. چارەنووسـێکی رەشـیش چـاوەڕوانی رۆســتەم بەگـی دەکـرد. رۆســتەم بەگ لە ســاڵی ١٥١٤ و لە شـەڕی چاڵدرانـــدا لە بەرەی شـــا ئیســـماعیلی یەکەم بـــوو، کاتێـــک لە سـەرئەنجامی ئەو شـەڕەدا، شـا پاشـەکشـەی کـرد و هەڵات، رۆســتەم بەگ هەولــی دا "رکێفــی ئەســپی ســۆڵتان مــاچ بکــات"، بەڵام بە فەرمــانی ســۆڵتان لەگەڵ چــوار کەس لە میرزادەکــانی مەلکیشـــی لەسێدارە درا.

لە پەڕتووکی شـەڕەفخانی بتلیسـیدا دواجـار کە باســی مەلکیشــی دێتە گوڕێ لە پەیوەندیدایە لەگەڵ سـەردانی پیر حۆسـێن بەگ، کـوڕی حـــاجی رۆســـتەم بەگـــی لەســـیدارەدراو لەلایەن ســـۆلتانەوە کە بەهـاوڕێیەتیی ٤٠ کەس لە پیـاو مـاقولانی عەشـیرەتی مەلکیشــی دەچنە "بارەگـــای ئاســـمان ئاســـای " ســـۆڵتان سـەلیمی یەکەم. ســۆڵتانی سـەرســوڕماو لە بــوێریی پیــر حۆســێن بەگ، حکــوومەتی چەمیشـگەزەکی بـۆ دەگەڕێنێتەوە (دیـارە دەبـا نـاوچەکەی لە چەنگـی قزلباشـەکان رزگار کردبا!).

لێـــرەوە بە شـــێوەیەکی چـــاوەڕوان نەکـــراو و گۆمانـــاویی لە "شـەڕەفنامە"دا ئیتر باسـی کۆمەڵگای عەشیرەتی مەلکیشــی نـاکرێ

و ناوی عەشـیرەتی چەمیشـگەزەک دێتە گـۆڕێ (شـەڕەفنامە. ١٩٦٧. لل. ٣٦٢، ٣٦٩، ٣٧٠، ٣٧٨), بەپێـــی "شـەڕەفنامە" عەشـــیرەتی چەمیشـــگەزەک لە کــۆنەوە (!) لە "چۆخــور سـەعد" ژیانیــان بەسـەر بـردووە، ئەو نـاوچەیە بە ئەرمەنسـتانی قافقـاز یـان نـاوچەی یەریڤـان دەگوترێ (پەتروشێڤسکی، ١٩٤٩، ل. ١٠١), پاشـان هێنـدێک زانیـاری بـاس دەکـرێ کە مـایەی سـەرسـوڕمانە: لە کـاتی دەسـتەڵاتی شـا سـوڵتان محەمەدی خودابەنـــدەدا (١٥٧٨-١٥٨٧) "نەزەر بەگ"ی دومبولی و هێندێک لە میرانی قزلبـاش (!) سـەر بە هۆزەکـانی ڕۆملـو. ئەلبەیات، چەمیشگەزەک و سەعدلی وەردەگەڕێنەوە بەرەو "دەربـاری ئاســمان ئاســای عۆســمانی" (شـەڕەفنامە. ١٩٦٧، ل. ٣٦٢), هەول دەدەیــن وڵامــی ئەو پرســیارە بــدۆزینەوە کە شـەڕەفخانی بتلیســی بۆچی سـەرۆکی عەشـیرەتی چەمیشـگەزەک، وەک میرانـی قزلبـاش ناو دەبات.

شـەڕەفخانی بتلیســی، هــۆزی چەمیشــگەزەک وەک بەشـێک لە کۆمەڵەی یەکگرتووی هۆزەکـانی ئێـران دەژمێـرێ (شـەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل. ٣٦٩), لەو بارەدا نووسـەری "شـەڕەفنامە" ڕوونیدەکاتەوە کە تەنیا ٤ لەو ١٨ عەشــیرەتە ئامـــاژە پێکراوانە "لە مێـــژووی دووردرێـــژی ناوچەکانیانـدا بەپێـی یاسـا و ریسـای میراتگەرییە باوەکـان، کەسـانی نەجیـبزادە میرایەتییـان تێـدا کـردووە" (شـەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل. ٣٧٠). شـەڕەفخانی بتلیســی ئامـاژە بە هــزری ئایینــی سـەقامگرتووی نێـو هۆزەکـانی چەمیشــگەزەک و پـازوکی دەکـات و نووسـەر پێـی وایە کە "بەپێی دابونەریت و هەلسوکەوتیان نـاکرێ لە زومـرەی مۆسـلمانانیان

دا بنێین" (شەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل. ٣٧٨)، ئەو ئاماژەیەی شەڕەفخان بە هەڵکەوت نییە. لە باس کردن سەبارەت بە عەشیرەتی پازوکی، شەڕەفخان بەتایبەت جەخت دەکاتەوە کە "زۆربەی ئەو هۆز و خێڵانە باوەڕیان بە ئایینی باو نییە و بە کردەوە هیچ پێداگری دەمارگیرانە بەرامبەر بە کردارە یاساغەکان لە خۆ پێشان نادەن" (شەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل. ٣٧٥).

ئەوە بەشێک بوو لەو زانیاریانەی نووسەری "شەڕەفنامە" سەبارەت بە کۆمەڵەی یەکگرتووی هۆزی چەمیشگەزەک بۆمان باس دەکات. تەواوی ئەو تێبینیانە (لە دەرەوەی بەشی تایبەت بە حاکمانی چەمیشگەزەک) پێویستیان بە شیکردنەوە و ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکانی هەیە. لە بیروباوەڕی ئایینییەوە دەستپێدەکەین و لەو بابەتەوە کە شەڕەفخانی بتلیسی بەڕاشکاویی خۆی دەپارێزێ لە هەژماردنی هۆزی چەمیشگەزەک لە زومرەی باوەڕمەندان بە ئیسلام.

لەڕاستیدا، لە باکووری رۆژئاوای کوردستان ئایینزایەک باوەڕمەندانێکی فراوان پەیدا دەکات کە وەک فرقەیەک لە ئایینی شیعە دەناسرێن. پارسە شیعەکان پێیان دەڵین عەلی ئۆڵاهیی - "عەلی وەک خوا دەپەرەستن"، "عەلی خوایی" (پێتروشێڤسکی، ١٩٦٦، ل. ٣٠٧)، م. ڤان برۆینسن پێیان دەڵێ Alevis عەلەوی.

بەپێی م. ڤان برۆینسن لە ناوچە جیاوازەکانی باکووری رۆژئاوای کوردستان، رادەی باوەڕمەندیی بە ئایینی عەلەوی جیاوازە. لە دێرسم (چەمیشگەزەک) گەلێک باوەڕمەندانی سەرسەختی ئەو ئایینە دەژین و بە وتەی نووسەر، کە دەقاودەق بۆچوونی شەڕەفخانی هەیە و پێی

وایە زۆر زەحمەتە بەگشــتی ئەو کەســانە بە مۆســڵمان دابنێیــن (Bruinessen, 1992, p. 23, 109, 268؛ شـەڕەفنامە، ١٩٦٧،ل.٣٧٨).

بەپێـی ڤ.پ. نیکیـتیین، ئەو کـوردانەی لە کۆێسـتانەکانی دێرسـم دەژیـن، سـەر بە ئایینێکـی نزیـک لە ئیزیـدین و هێنـدێک بە "توجیـک" [تاجیک] و هێدێکیش بە قزڵباش ناویان لێـدەبەن (نیکیـتیین، ١٩٥٦، ل. ٢٣٥).

ئی.پ. پێترۆشـێڤسـکی بە گشـت پەیرەوانی ئەو ئایینە کە لە تورکیـا دەژیــن دەڵــێ قزڵبــاش،- بە هــۆی بەشـــدار بوونیــان لە بــزوتنەوەی قزڵباشـەکان لە سـەدەکانی ١٥ و ١٦ و دژایەتیـــی کارایـــان بەرانبەر بە حکـوومەتە سـونییەکانی ئاق قۆینلـوو و ئیمپراتـووریی عۆسـمانی، بە قزڵباش دانراون.

تێــبێنیی ئی.پ. پێترۆشـێڤســکی یارمەتیمــان دەدا تــا تەواوی ئەو پرســیارانە روون بکەینەوە. هەروەهــا ئەوەش ئاشــکرا دەبــێ بــۆچی "شـەڕەفنامە" سـەرۆکەکانی عەشــیرەتی چەمیشــگەزەک لە ریــزی میرانی قزڵباش ناو دەبـات. لەژێـر کـاردانەوەی ململانیە لەمێژینەکـانی عۆســـــمانی-سـەفەویی دایە کە کـــــوردانی "عەلـــــی ئۆڵاهـــــی" چەمیشــگەزەک (دێرســم) وابەســتە کـراون بە قزڵباشـەکان کە پێگەی سـەرەکی بنەمــاڵەی سـەفەوییەکان و ئاڵاهەڵگـری هێــزی شـەڕکەری شیعەگەری بوون.

لەژێر سایەی بۆچوونەکانی ئی.پ. پێترۆشـێڤسکی دایە کە بنەمای لـــۆژیکیی هەڵوێســـتە سیاســـییەکانی خـــانەدانە حوکمڕانەکـــانی چەمیشـــگەزەک دەردەکەون، بەتــایبەتی لە سـەرەتای سـەدەی ١٦دا

کاتێک بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، ناوچە شاخاویی و چڕوپڕەکـانی چەمیشگەزەکیان رادەستی میری قزڵباش، نێردراوی شای سەفەوی، دەکەن. حکوومەتی ئیمپراتووری عۆسمانی بەحەق ئەو هەنگاوەی وەک لایەنگری لە سەفەوییەکان هەڵسەنگاندووە. هەر راست بەو هۆیەوە بوو لە ساڵی ١٥١٤، میری چەمیشگەزەک دێتە "بەرەوپیریی" و سوڵتان سەلیمی یەکەمیش بە بێ یەک و دوو و لە رۆژی دوواتردا لەسێدارەی دەدا، هەڵبەت نە بەهۆی رووداوە کۆنەکان، وەک شەرەفخانی بتلیسی باسی دەکات (شەرەفنامە. ١٩٦٧, ل. ٢٢٣).

ئەوە کۆمەڵێک زانیاری بوو کە توانیمان لە "شەرەفنامە"دا کە سەرچاوەی سەرەکی مێژووی کوردستان پێکدەهێنێ بیدۆزینەوە. بە لێکگرێدان و هەڵسەنگاندنی ئەو زانیارییە مێژۆییە لاواز و سنووردارانەی سەبارەت بە هۆزی چەمیشگەزەک و مێژووی خانەدانی حوکمڕانی میرانی چەمیشگەزەک و هەروها ئەو بابەتانەی دەربارەی هۆزی مەلکیشیی لەبەر دەست دایە، هەوڵدەدەین سیمای رێڕەوی مێژوویی کۆمەڵەی یەکگرتووی هۆزی چەمیشگەزەک بەلانی کەم وەک هێڵێکی پچڕپچڕیش بێ، پێشان بدەین.

ڤ.ف. مینۆرسکی لە نێوان کۆمەڵەی یەکگرتووی هۆزەکانی مەلکیشی و چەمیشگەزەکەوە جیاوازییەک نابینێ. لەو بارەوە پرسیاریشی نەورووژاندوە: چەمیشگەزەک، "هۆزێکی مەزن،...کە لە لایەن ئاق قۆینلوو کەوتە بەر هێرش و راونان، خۆی خستە بەرەی مەترسیداری قەرە قۆینلوو" (E12, 1981, Vol.V, fasc.85-86, p. 457). شەرەفخان بە گێڕانەوەی رووداوەکانی پەیوەست بە سوڵتانەکانی

قەرە قۆینلـوو و ئاق قۆینلـوو بە درێژایـی تـا ناوەڕاســتی سـەدەی ١٦، کـۆمەڵەی یەکگرتـووی هۆزەکـانی چەمیشــگەزەک بە مەلکیشــی نـاو دەبـات، بەڵام بـۆ ژینگەی نـاوخۆیی ئەو کـۆمەڵە یەکگرتـوویە دەیتـوانی ناوێکی دیکەش هەڵبگری، واتە : چەمیشـگەزەک بەپێی شـوێنی ژیـان و نیشتەجێ بوونی.

ئەو بەشـەش لە عەشیرەت کە بـۆ ئێـران راگوێزران و چەنـد جـاریش روویداوە، بە چەمیشـگەزەک ناوبراون. بەشێک لە کۆمەڵەی یەکگرتووی هــۆزە کە ژمـــارەیەکی بەرچـــاو لە سـەرۆکەکانیشــــان لەگەڵ بـــوو، چەمیشــــگەزەکیان جێهێشـــــت بەرەو ئێــــران و پــــاش پێــــدانی قەڵا و نــاوچەیەک لەلایەن قزڵباشـەکان بە حــاجی رۆســـتەم بەگ، لەگەڵــی کەوتـن. ئەو بەشـەش کە لە نـاوچەی چەمیشــگەزەک مـانەوە، کەوتنە بەر سـەرکوتکاریی و لەســـێدارەدان. بەپێـــی "شـەڕەفنامە"، "گەورە و بچــۆکی عەشــیرەت" داواکــاریی "حــاجی رۆســـتەم بەگ"یــان وەک فەرمـــانی ئاســـمانی وەرگـــرت و بەپەلە بەرەو عێراقـــی فـــارس و ئیسفەهان لەگەڵی کەوتن.

کۆمەڵەی یەکگرتـووی هـۆز بە لەدەسـتدانی سـەرۆک و کەوتنە ژێـر زەخت و ئازار، بەناچار دوچاری پەڕشـوبڵاویی دەبـێ. کـۆمەڵێکی دیکە لە ئەنـدامانی هـۆز سـەر لەنـوێ دەسـت بە کـۆچکردن دەکەن و بەرەو ئێران وەرێدەکەون. پاش جەنگی چالـدران کە بە شکسـتی هێزەکـانی شــــا کۆتـــایی پێهـــات، حـــاجی رۆســـتەم بەگ کە وەک سـەرۆکی کۆنفیدراسـیونی هـۆزی چەمیشــگەزەک دەناسـرا، بەپەلە ئاڕاســتەی سیاسـیی خـۆی گـۆڕی و وەک لەسـەرەوە باسـمان کـرد، گەڕایەوە بـۆ

خزمەت کردن بە سوڵتان سەلیم و لەگەڵ پیاوماقوڵانی هۆز لەسێدارە درا. میرنشینی چەمیشگەزەک توانی سەرۆکایەتی بۆ پیر حۆسێن بەگ، کوڕی حاجی رۆستەم بەگ بگەڕێنێتەوە و بەپێی "شەرەفنامە"، لە ماوەی سەرۆکایەتییدا، دەستەڵاتێکی تەواوی هەبوو. بەڵام لە کۆتایی سەدەی ١٦، میرنشینی مەزن و بەهێزی چەمیشگەزەک کە ناوەکەی هاوشان و پێرهێنەری کوردستان بوو، کەوتە بەر فەرمانی سوڵتان بۆ بەخشینی مەرجدارانەی زەوی و زارەکانی لە نێو کوڕ و کوڕزاکانی پیر حۆسێن بەگدا. چەمیشگەزەک بۆ دوو "سنجاغ"[١] و ١٤ "زعامەت"[٢] و "تیمار"[٣] دابەشکرا بەو مەرجەی کە پاشەڕۆکی پیر حۆسێن بەگ لە داهاتوودا نابێ داواکاریی زیادتر بکەن و چاویان لە "پلە و پایەی دیکە لە حاکمانی دەستەڵاتداری، پارێزراو لە لایەن پەروەردگارەوە" هەبێ (شەرەفنامە، ١٩٦٧،، ل، ٢٢٦)، دەبێ ئەوەش بڵێین کە قەڵای چەمیشگەزەک، هەروەها گوند و ناوچەگەلی "شایانی خاوەنداریەتیی میران" دەکەوێتە ژێر رەکێفی شاهانە. خانەدانی میریش دەکەوێتە بەر شالاویی ململانی باڵە جیاوازەکان بۆ وەرگرتنی خاوەنداریەتیی "زعامەت"ەکان. کۆمەڵگای هۆزیش کە ماوەیەک پێشتر میرنشینێکی مەزن و بەتوانای پێکهێنابوو، ململانێکی هاوشێوە بەرۆکی دەگرێ. هۆز دۆچاری لەتوپەتبوون و پەرتەوازەیی

---

[١] [یەکەی ئیداریی عۆسمانی، بچۆکتر لە پارێزگا. ویکیپێدیا.]

[٢] [یەکەی ئیداریی عۆسمانی کە داهاتی ساڵانەی ٢٠ تا ١٠٠ هەزار ئاقچە بوو. ویکیپێدیا.]

[٣] [یەکەی ئیداریی عۆسمانی کە داهاتی ساڵانەی ٢٠ هەزار ئاقچە بوو. ویکیپێدیا.]

[ئاقچە: سکەی زێوی عۆسمانی. ویکیپێدیا.]

دەبــــێ و بەشێکیشــــــی بــــۆ دەرەوی دێرســـــم (چەمیشــــگەزەک) کۆچدەکەن.

بەشـــــێک لەو پەرتەوازانە، لە لۆرســــتان (نـــــاوچەی پشـــــتکووە) نیشـــتەجێ دەبـــن و شـــێخ محەمەد مەردۆخ لە پەرتـــووکی خۆیـــدا بە هۆزی مەلکیشی (مەلیکشایی) ناویان دەبات (تاریخ مردوخ. ١٩٤٤، ج.١, ص. ١١٣), دوو بەشــــیتری چەمیشـــگەزەک بەرەو ناوچەکـــانی یەریڤان (چۆخور سەعد) و ئاقداش لە وەلایەتی شیرڤان کۆچ دەکەن. ئ.پ. پێترۆشێڤســــکی لە ژێـــر نـــاوی چەمیشـــگەزەک. ئامـــاژە بە هەردوویان دەکات (پێترۆشێڤسکی، ١٩٤٩، لل. ١٤١،١٣٩).

لە دەستپێکی دەستەڵاتداریی شا عەباسی یەکەمدا، عەشیرەتی چەمیشــگەزەک سەر لەنــوێ دەبــۆژێتەوە. بە فەرمــانی شـــا، لکوپــۆ پەرشـوبڵاوەکەی کۆمەڵگـای هـۆزی چەمیشـگەزەک کۆدەکرێنەوە و بە تێکەڵکردنی گەلێک "کوردانی بنەچە جیاوازەوە" لە خەستییەکەی کەم دەکــرێتەوە و وەک کۆنفدراســـیۆنێک لە خێلەکـــان بە نـــاوی هـــۆزی چەمیشـــگەزەک[١] بــۆ پاسەوانی ســـنوورەکان لە هێرشــــی تورکـــان، رەوانەی خۆراسان دەکرێن.

هـۆزی چەمیشـــگەزەک لە خۆراســـان جێگیـر دەکرێـــن، بەڵام بەو ئەرکەی بۆیـــان دیـــاریکراوبوو، هەمیشەش پابەنـــد نـــابن. لە ســـاڵی ١٧٢٧دا، هـــۆزی چەمیشـــــگەزەک، لە سەرکوتکردنی تورکمانەکـــان پشـــتگیریی نـادر شـــای ئەفشـــار نـاکەن و لە شەڕەکانیدا بەشـــداری

---

[١] م. ڤان برۆینسن ئاماژە بە "Konglomerat"ێک لە کوردانی جیاوازە لەرووی بنەچەوە، دەکات (Bruinessen, 1978, p. 150).
[Kon-glo-me-ra̲t تێکەڵاوێک لە دەنگەکانی مۆسیقای جاز و رۆک و کلاسیکە. ویکیپێدیا.]

ناکەن. تەنـانەت "بەهانـدانی محەمەد حۆسـێن خـان، حـاکمی هـۆزی چەمیشــگەزەک"، هــۆزی "قەرچۆرلــوو" لە نــادر هەڵــدەگەڕینەوە، لە ئاکامدا کوردان هێرشـیش دەبەنە سـەر ئیـبراهیم خـان، سـەرداری نـادر شـا. لە هێرشـی دووەمدا، سـپای ئیـبراهیم خـان نـاتوانێ بەرەنگـاریی لەخــۆ بکــات و دۆچــاری شکســتێکی ســەرشــۆڕانە دەبــێ. وەک لە "شـەڕەفنامە"دا نووسراوە، هەزار پیاو لە هێزەکانی حکوومەتی "نادری جیهـانگیر" دەکـوژرێن. پاشــان نـادر شــا بۆخـۆی دەســتبەکار دەبـێ و هێرش دەباتە سـەر کوردان. ئەوانیـش بەردەوام دەبـن لەبەرخۆدان: "لە قەڵا و سـەنگەرەکانیان هەتنەدەر و ئاگریـان لە مەیـدانی شـەڕ بەردا" و تەنیــا کاتێــک دەســت هەڵــدەگرن کە بەشــێکی زۆریــان لە شـەڕدا دەکــوژرێن. لەئاکامــدا هۆزەکــانی کــورد ناچــار دەبــن بە خــزمەت و ملکەچیبوونی حکوومەت. پیاومـاقوڵانی هـۆزیش وەک دیـل لەبەرامبەر ملکەچیــی هــۆز، دەگــۆزرێنەوە بــۆ شــاری مەشــهەد. بەپێــی ڤ.ف. مینۆرسـکی (E12, 1981, Vol. V. Fsc. 85-86, p. 461) هەردوو هۆزی چەمیشـگەزەک و قەرچۆرلوو بۆ مەشـهەد راپێچ دەکرێن.

بەپێــی م. ڤــان برۆینســــن، پاشــــان کۆنفێدراســــیۆنی هۆزەکــانی چەمیشــگەزک دوو پــارچە دەبــن و هەریەکیــان بە ئیلخــانی جیــاواز. نووسـەر کە بە هەردوو بەش دەڵێ کۆنفێدراسیۆن، (برۆینســن، ١٩٩٢، ل، ١٣٤) تا سـەدەی بیستەم لە ژیـانێکی سـەقامگیردا دەژیـن. وادیـارە ئەو پارچەبوونە لەژێر کـارگەریی رووداوەکـانی سـەدەی ١٨ و هەروەهـا رووداوەکانی کاتی حوکمڕانی نادر شـادا بوویێت.

بەوشێوەیە کۆمەڵگـای عەشـیرەتیی چەمیشــگەزەک کە بنچـی لە

کوێستانە دوورکەوتووە و چڕوپڕەکانی دێرسم داکوتابوو بەزەبر و زۆر، پەلکێش دەکرێ و چارەنووسی مێژوویی خۆی لە ئەوپەڕیی پانتایی رۆژهەڵاتیی ئێران لە خۆراسان دەبینێتەوە. دێرسم، ئەو شوێنەی کە هۆزی چەمیشگەزەک لێی لەدایکبوو، هەتاکوو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەش توانا و هێزی سەربازیی خۆی تا رادەیەکی بەرچاو رادەگرێ. بەپێی ڤ.پ. نیکیتین (نیکیتیین، ١٩٥٦، ل. ٢٣٥)، لەو سەردەمەدا دێرسم توانای چەکدارکردنی ٣٠ تا ٤٠ هەزار کەسی هەبۆووە.

* * * * * *

تەنیا سەرکۆنەی شەڕەفخانی بتلیسیی لە هۆزە کوردەکان، ئەوەیە کە لەنێوان خۆیاندا یەکگرتوو نەبوون و گوێڕایەلی و فەرمانبەرییان لەیەکتر نەبووە. شەڕەفخان بەداخێکی گرانەوە دەڵێ: "هەر هۆزێک بەتەنیایی بۆ سەربەخۆیی حەولی داوە و یەکلایەنانە ئاڵای نافەرمانیی هەڵکردووە. ئەوان بە هۆی ژیانیان لە لۆتکەی چیاکان و **بەپێی سرووشتی خۆیان**، ئامادەی سەربەخۆیین. جگە لە پەروەردگار کە بۆیان تاقانەیە، هیچ بۆچۆنێکی یەکگرتوویان لەناودا نییە و یەک حاکمیش کە هەموو کوردان لەسەری هاوڕا بن، نییانە" (شەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل. ٨٥).

شەڕەفخان تەواوی پەڕتووکە بەنرخەکەی بۆ بیرۆکەی یەکگرتوویی کورد تەرخان کردووە. ئەگەر پەڕتووکەکەی بە کاشانەی کوردان ناوبەرین، شەڕەفخان گشت کوردانی، بە هۆزە پەڕشوبڵاوەکانی، بە

زاراوە جیاوازەکانیانەوە، و بە ئەوانەش کە هەڵگری بیروبـاوەڕی ئایینـی باویی مۆسڵمانیەتیی نەبـوون (شـەڕەفنامە، ١٩٦٧،ل.ل. ١٧٥، ٣٢٧) - واتە باوەڕمەنـــدانی ئێزیدیســـم، لەژێـــر ســـێبەری ئەو کاشـــانەیە کۆکردووتەوە.

عەبدولڕەزاق بەگی دومبولی (١٧٦٢/٦٣-١٨٢٧/٢٨)

دومبـولی [دنبلـی بە زمـانی فارسـی] نـاوی هـۆزێکی بەناوبـانگی کوردە. ناوی هـۆز، پێکهـاتن و سەهەڵدانی، پێوەنـدیی بە نـاوچەیەکی دیاربەکرەوە هەیە. هەر لەوێ قەڵایەک بەو ناوە هەبـووە و لەسـەرەتاوە ئەو هـۆزە لەوێ ژیـاوە. پاشـان (وەک شـەڕەفخانی بتلیسـیی ئامـاژەی پێدەکات) دومبولییەکان لە ناوچەی جزێر و ولایەتی بۆتان جێگیر دەبن و کوردەکان هێندێک جار ئەوانە بە دومبولی-بـۆهت (شـەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل. ٣٥٧) نـــاودەبەن. لە کۆتـــایی سەدەی ١٦، واتە لە سەردەمی شـەڕەفخاندا، دومبولییەکـــان بەرەو ڕۆژهەڵات کۆچ دەکەن. سلســـلە تورکمانەکـــانی قەرە قۆینلـــوو و ئاق قۆینلـــوو چاولەدەســـتی هێـــزی سـەربازیی ئەو هـــۆزە بـــوون، و لەبەرامبەری ئەو خزمەتە سـەربازییە، ناوچەی سـەلماس لە باشووری ڕۆژئاوای شـاری خۆی لە ئازەربایجـانی ئێرانیان پێدراوە. لە سـەردەمی ئۆزۆن حەسـەنی ئاق قۆینلـوودا (١٤٥٣-١٤٧٨)، "بەڕێـوەبردن، بەرگـری و پشـتیوانیکردنی" نـاوچە و کـوردانی هەکارییـان پێـدراوە و کۆنـتڕۆلی تەواوی نـاوچەی هەکـاری دەکەوێتە

دەست دومبولییەکان.

هێزی سەربازیی روو لە هەڵکشاوی کۆمەڵەی یەکگرتووی هۆزی دومبولی یارمەتیدەری خانەدانی سەرۆکانی هۆز بوو بۆ وەدستهێنانی توانای پێویست و گەیشتن بە لوتکەی سیاسی بەڕیوەبردنی ناوچەکەیان کە لە سەردەمی حکوومەتی شا تەهماسب (١٥٧٦-١٥٢٤) بە ناوی "حکوومەتی خۆی و دومبولی" ناسراوە.

شا تەهماسب لەبەرامبەر مەترسیی روولەهەکشانی کاردانەوەی دومبولییەکان لە کوردستان (پێترۆشێڤسکی، ١٩٤٩، ل. ١٠٥) دەست بە کۆمەڵکوژیی بەربڵاویی هۆزی دومبولی دەکات. ئەندامانی خانەدانی حوکمڕان و ئەو دومبولییانەی لەو کۆمەڵکوژیانە رزگاریان دەبێ لە لای عۆسمانییەکان سەرپەنا دەدۆزنەوە و بەدڵێکی ئاواڵا پێشوازییان لێکراوە و لە "بەخشەندەیی بێسنووری پاشا" بەهرەمەند بوون. بەشێکی دیکەی رزگاربووکان دەکەونە بەر لێبردوویی شا تەهماسب.

چارەنووسی داهاتووی هۆزی دومبولی لە سنووری نێوان دوو ئیمپراتووریای دوژمنکاردا، دەکەوێتە دژوارییەکی زۆر، بەڵام لە نێوان ساڵانی ١٧٤٧-١٨٢٨دا کە پێترۆشێڤسکی بە سەردەمی نێوە سەربەخۆیی ١٦ خانشینی ئازەربایجان و ئەرمەنستانی قافقاز ناوزەد دەکات، خاننشینیی خۆی و دومبولی وەک یەکێک لەو خاننشینە نێوە سەربەخۆیانە ناو دەبات. لە تەواوی ئەو خاننشینانەدا "حاکم"ە بەمیراتگەیشتووەکان، واتە سەرۆکانی هۆزە کۆچەرەکان حکومەتیان

کردووە (پێترۆشێڤسکی. ١٩٤٩، ل. ٨٦).

لە ماڵباتی خانەکانی خۆی و دومبولی "میرانی مەزن" و کەسایەتیی حوکمڕان سەریان هەڵداوە. خانەدانی سەرۆکانی هۆزی دومبولی کە لە نووسراوەکاندا بە کۆچەر ناسڕاون[١]، سەرداران و فەرماندەگەلی سەربازیی زۆر بەناوبانگەیان لێ هەڵکەوتووە. مێژوونووس و هەڵبەستوانی کورد، عەبدولڕەزاق بەگی دومبولی، نووسەری نزیک بە ٢٠ پەڕتووک، لەو خانەدانەدا سەری هەڵداوە. پەڕتووکی "مئاسر سۆڵتانییە"[٢] بەناوبانگترین بەرهەمی عەبدولڕەزاق بەگی دومبولییە.

ماوەیەک لەمەوبەر لە ماتەناداران [ناوەندی دەستنووسەکانی کەونار] لە یەریڤان، دەستنووسێکی زۆر دەگمەنی عەبدولڕەزاق بەگی دومبولی بەناوی "تاریخی دەنابیلی"، واتە مێژووی دومبولییەکان ئاشکراکرا کە تا ئێستا لەچاپ نەدراوە. لەو دەستنووسەدا بە دوورودرێژیی رووداوەکانی سەدەی ١٧ و ١٨ باسکراون و مێژوونووس نەتەنیا لەسەر خانەدانی حوکمڕان، بەڵکوو سەبارەت بە تەواوی کۆمەڵەی یەکگرتووی هۆزی دومبولی زانیاریی زۆر گرینگ و دەگمەن ئاشکرا دەکات.

نەجەف قولی خان، باوکی نووسەر، یەکێک لە فەرماندە پایەبەرزەکانی نادر شای ئەفشار، بەشدار بووە لە هەموو شەڕ و

---

[١] سەبارەت بە نۆکتە وگاڵتەجاری کە دەبارەی دومبولییە کۆچەرەکان باو بووە، تەنانەت شەڕەفخانی بتلیسیش خۆی پێرانەگیراوە (شەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل،ل، ٣٥٨-٣٥٩).

[٢] ["مآثر سلطانیە" بە فارسی، سەبارەت بە دەستکەوتەکانی حکوومەتی فەتحعەلی شای قاجار تا ساڵی ١٢٤١ ه.ک.، هەمان ساڵ لە تەبرێز لەچاپ دراوە. ویکیپێدیا.]

لەشکەرکێشییەکانی نادر شا و وەک "بیگلەربەگ"ی تەبرێز خزمەتی کردووە (پاپازیان، ١٩٧٥، ل. ٢١٢; بامداد، ١٩٦٦، بەرگی ٢، ل. ٢٦٤).

بەسەرهاتی ژیانی عەبدولڕەزاق بەگی دومبولی جیاواز بووە. لەکاتی مێرمنداڵیدا بەفەرمانی کەریم خانی زەند (١٧٨٣-١٨٣٣) لە بەرامبەر وەفادارییی باوکی بۆ شا، ١٤ ساڵ وەک "دیل" لە دەرباری شا لە شیراز راگیراوە. لە ساڵی ١٧٨٤/٥ دا بە فەرمانی ئاغا محەمەد خانی قاجار ئازاد دەکرێ. عەبدولڕەزاق بەگ دەگەڕێتەوە تەبرێز و سەرقالی هەڵبەست و مێژوونووسین دەبێ. سرنجی عەباس میرزا (١٧٨٣-١٨٣٣)، جێگری پاشای ئێران بۆ لای خۆی رادەکێشی و لە بارەگای "وەلیعەهد"دا جێگیر دەبێ.

عەبدولڕەزاق بەگی دومبولی تەنیا مێژوونووسی هۆزی دومبولی نەبۆوە. ئا.د. پاپازیان لە ماتەنادارانی یەریڤان، دەستنووسێکی دیکەش ئاشکرا دەکات بەناوی "ئیشارات ئەلمەزاهیب" کە بەقەڵەمی رۆستەم خانی کوڕی ئەحمەد خانی دومبولی نووسراوە. ئەو پەڕتووکە لە شاری خۆی و لە ساڵی ١٨٤٩/٥٠ نووسراوە (پاپازیان، ١٩٧٥، ل. ٢١٤), لەو دەستنووسەدا، رۆستەم خانی دومبولی ئاماژە بە لکوپۆی هۆزی دومبولی لەسەرەتاکانی سەدەی ناوەڕاستەوە تا سەردەمی ژیانی خۆی دەکات[١].

---

[١] [بەشێک لە خانەدانی دومبولی لە سەردەمی شا عەباسی دووەم بەهۆی کێشە ناوخۆییەکنیان بەرەو شاری کاشان کۆچدەکەن. شا "ضرابخانە"ی کاشانیان پێدەدات و پاشتر پاشناوی "ضرابی" وەردەگرن. "محمد تقی بهار، ملک‌الشعرای نهار" و "ابوالحسن صبا" هەڵکەوتووی ئەو خانەدانن. تاریخ کاشان، کلانتر ضرابی]، سەرچاوە:

http://www.donboli.ir/index.php/meet-donboli-family/donboli-history

مەلا مەحموود بایەزیدی (؟-١٧٩٧)

پاش شەڕەفخان گەلێک مێژوونووسی دیکەی کورد هەوڵیان داوە کاری ئەو دیرۆکنووسە مەزنە کوردەی کۆتایی سەدەی ١٦ پەرە پێ بدەن، بەڵام هەموو ئەو هەوڵە ناسراو و لەبەردەستانە، جگە لە هێندێک درێژکراوەی بەشە جیاوازەکانی "شەڕەفنامە" نیین. تەنیا کەسێکی کە پاش شەڕفخان توانی بوێرانە خۆی لە نووسینی چارەنووسی مێژوویی گشت کوردستان بدا ئەویش نەک مێژووی هێندێک ناوچە و هۆز یان چەند خانەدانی حوکمڕان، مەلا مەحموودی بایەزیدی [بازیدیی] لەدایکبووی شاری بایەزید [بازید] بوو کە یارمەتێکی بێوێنەی داوە بە ئا.د. ژابا[1]، کۆنسولی رووسیەی لە

---

[1] [ئافگوست دێمێنتێویچ ژابا (یان August Kościesza-Żaba، ١٨٠١-١٨٩٤) دیپلۆماتکار و رۆژهەڵاتناسی رووس (پۆلۆنی) یەکێک لە دامەزرێنەرانی کوردناسی لە رووسیا و ئوروپا، لە ساڵی ١٨٤٨ دەبێتە کۆنسۆلی رووسیا لە ئەرزرووم و لەسەر داوای مۆزەخانەی ئاسیا لە سان پێترزبورگ (پاشان دەبێتە پەیمانگای دەستنووسە مێژوویەکانی رۆژهەڵات لە ئاکادێمیای زانستی رووسیا) فێری زمانی کوردی دەبێ. بەو هۆیەوە لەگەڵ مەلا مەحموودی بایەزیدی و ئەحمەدی خانی ئاشنا دەبێ. لە ساڵی ١٨٦٠ کۆمەڵێک کورتە چیرۆکی کوردی و "مەم و

ئەرزرووم بۆ فێربوونی زمانی کوردی و هەروەها کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دەستنووسە کوردییەکان (ڕوانە مۆسائێلیان، ١٩٩١).

مەلا مەحموودی بایەزیدی لەدایکبووی ساڵی ١٧٩٧، پاش تەواوکردنی خوێندن و لە سەردەمی لێکەوتنی دوایین میری کورد لە بایەزید، ئەو شارە بەرەو ئەرزرووم جێدێڵێ. دیداری چارەنووسسازی مەلا مەحموود لەگەڵ ئا.د. ژابا لە ساڵی ١٨٥٦ و پاش هاتنی کۆنسول بۆ ئەرزرووم روویداوە، تا ئەو کاتەش مەلا مەحموود تووشی زۆر کوێرەوەریی دەبێ: سۆپای عۆسمانی هەوڵدەدا کەڵک لە مەلا مەحموود وەربگرێ بۆ نێوانگیریی لەگەڵ میری راپەڕیوی کورد لە جزێر. ئەگەرچی مەلا مەحموود لەو ئەرکەدا سەردەکەوێ و تەنانەت بەدڵی حکوومەتی تورک دەبێ، بەڵام لەنێوانگیریی راپەڕینی نووراللە بەگ، میری هەکاریدا، مەلا مەحموود دەکەوێتە بەر لۆمە و رەخنەی دەستەڵاتدارانی تورک و بۆماوەیەکی کۆرت دەستبەسەر دەبێ.

وەک ئا.د. ژابا دەنووسێ، کاتێک گەیشتووتە ئەرزرووم، مەلا مەحموود لەوپەڕی نەداریدا ژیاوە و بیری لەگەڕانەوە بۆ کوردستان کردووە. نووسەر بۆ فێربوونی زمانی کوردی داوای هاوکاری و یارمەتیی لە مەلا دەکات و مەلا مەحموود واز لە گەڕانەوە دێنێ و لەو کاتەوە هاوکاری دوورودرێژ و زۆر بەپێز و بەرهەمی مەلا مەحموود و ژابا

زین"ی ئەحمەدی خانی بە زمانی فەڕانسی لەچاپ دەدات. دەستووسی فەرهەنگی فەڕانسی-کوردی و فەرهەنگی کوردی-فەڕانسی-رووسی ژابا، ئێستا لەچاپ نەدراون و لە ئاڕشیڤی ئاکادێمیای زانستەکانی رووسیا لە سان پێترزبورگ راگیراون. فەرهەنگی کوردی-فەڕانسی ژابا کە لە لایەن فێردیناند یوستی (Ferdinand Justi) ئێرانناسی ئاڵمانی زیادترکراوە، چاپ بووە. لەو فەرهەنگەدا ئاماژە بە سەرچاوەی وشەکان کراوە و بە پیتی عەڕەبی و دەربرینی (Transkriotion) لاتین نووسراوە. سەرچاوە: ویکیپێدیا، رووسی].

دەستپێدەکات. لەنێو ئەوکارانەی کە لەسەر مێژووی کورد پێکەوە دەیکەن دەبێ ئاماژە بە وەرگێرانی بەرگی یەکەمی "شەڕەفنامە" بۆ یەکەمجار بە زمانی کوردی و بە دەست مەلا مەحموود بکەین (مەلا مەحموود بایەزیدی،١٩٨٦) هەروەها بەداخوازی ئا.د. ژابا، مەلا مەحموود دەستدەکات بە ئامادەکردنی دەستنووسێکی هەمەلایەنە لە هەزار لاپەڕەدا بەناوی "کتێبی تاریخی جەدیدی کوردستان"و خەڵاتێکی باشی پێشکەش دەکات. ئەو پەڕتووکە لە تاقە بەرگێک و لە ساڵی ١٨٥٧/٥٨دا نووسراوە.

ئەو نووسراوەی مەلا مەحموود، سەرنجیێکی زۆری ئا.د. ژابا بۆلای خۆی رادەکێشێ و بیر لەوەرگێرانی دەکات. ئا. د. ژابا لە ٣٠ مارسی ١٨٦٧، پێشەکی پەڕتووکەکەی مەلا مەحموود کە وەریگێرابوو سەر زمانی فەڕانسی، دەنێرێ بۆ رۆژهەڵاتناسانی ئاکادێمیای زانستەکان لە پێترزبورگ تا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن. توانیومانە هەڵسەنگاندنێکی رەخنەگەرانەی "پ.ئی. لیرخ" [Peter Lerch] لەو نووسراوەیە کە بۆ بەشی مێژوو -زمانناسی "ئاکادێمیای زانستەکانی ئێمپراتۆریا" نێردراوە، لە ئاڕشیڤی ئاکادێمیای زانستەکانی رووسیادا بدۆزینەوە.

هەڵسەنگاندنە رەخنەگەرانەکەی "پ.ئی. لیرخ"، کوردناس و ئێرانناسی پایەبەرزی ئەوسەردەمە، زۆر کورت و بەرتەسکە. مخابن چارەنووسی ئەو پەڕتووکە مێژووییەی مەلا مەحموود بایزیدی دیار نییە و تەنانەت لە نێو دەستنووسە کوردییەکانی کە ئا.د. ژابا خاوەنداری بۆوە و لە پەڕتووکخانەی میریی "م.ئ. سالتیکۆڤ-شێدرین" [لە سان

پێــترزبورگ] پــارێزراون، نەدۆزراوەتەوە. ئا.د. ژابــا لە نامەکــانی ســاڵی ١٨٧٦و ســاڵەکانی دوواتریشــدا هیــچ ئامــاژەیەکی بــۆ ئەو بەرهەمە نەکــردووە. لەو بەرهەمە گشـــتگیرە مێـــژووییەی مەلا مەحمـــوودی بایزیدی، تەنیا پێشەکی دەستنووسە وەرگێردراوە فەرانسییەکەی ئا.د. ژابا لە ئاڕشیڤی ئاکادێمیای زانستەکانی رووسـیا لەبەر دەسـتدایە کە بریـتیی لە ٥٠ لاپەڕە بە قەوارەی ٢١،٥ لە ١٧سـانتی میـتر. هەروەهـا دەزانین کە ئەو پەڕتووکە مێژووییە پێکهاتووە لە پێرست، خشتەی ناوی ئەو میــر و ئاغــا و حاکمــانەی کە لە ســاڵانی ١٢٠٠ تــا ١٧٨٥/٨٦دا دەستەڵاتدار بوون (بەپێی ناوەڕۆکی نامەی ئا.د. ژابا بـۆ ب.ئا.دۆرن[1] لـە رێکەوتــی ١٣ی جــۆلای ١٨٦٧)، پێرســـتی ئەو پەڕتـــووکەش زۆر سرنجڕاکێشە، چۆنکــوو رێگامــان پێــدەدا تــا بەتەواویــی لە نــاوەڕۆکی تێبگەین.

کەوابــوو، ئێمــرو تەنیــا شــتێکی کە لەبەر دەســتماندایە بریـتییە لە پێشـەکی ئەو پەڕتــووکە کە مەلا مەحمــوود بایەزیــدی ، خــوێنەرانی دەبـاتە نـاو نووسـراوەکە و باســی کێشە هەمەلایەنەکانیـان بۆدەکات. کێشـەکان گەلێکــن، ژینگەی کـورد ئالـۆز و لێـڵ و رەنگــاورەنگە، پـڕە لە ناتەبــایی و دژبەری و لەیەکەم نیگــادا زۆر دژوارە بــۆ لێکــدانەوە. لێــرە هەموو دیاردەکان چڕوپڕ لێـک گرێـدراون: کـۆچەریی، یەکجێنشـینیی، خێڵەکــان، ئایینە جیاوازەکــان و تێکەڵاویــی بــێ هەژمــاری کــۆمەڵە نەتەوەیی و رەگەزییە جیاوازەکان. جگەلەمە، لێکداپڕاویی سیاســیی و

---

[1] [Albrecht Bernhard Dorn ئاڵمــانی، مێژوونــووس، رۆژهەڵاتنــاس و زمــانەوانی زمــانە سامییەکان].

پارچەپـارچەبوونی وڵاتـی کـوردان، مـۆرکی خـۆی لەسـەر گشــت ئەو دیاردەگەلە داناوە.

مەلا مەحموود بایەزیدی لەو پێشـەکییەدا زۆر لایەنی روونکردووتەوە. هەر لەو پێشـەکییەدا دەکرێ زانیاری زۆر دیـار سـەبارەت بە هۆزەکـان و بڵاوبوونەوەیـان[٢] لــە کوردســـتاندا بەپێــێ زاراوەکانیــان کــۆبکەینەوە و هەروەها تێگەیشتنی مەلا مەحموود لەو دیاردانە بزانین.

مەلا مەحمــوود نەتەوەی خــۆی خۆشــدەوێ. شــانازی بە شــکۆ و کەونــاریی مێــژووی نەتەوەکەی، بە دلاوەری و بــوێریی و جەنگــاوەریی کوردان، بە کۆڵنەدان لە مەترسییەکان، بە ئامادەبونیان بۆ یارمەتیـدان و خۆبەختکردنیـــــان دەکـــــات، هەروەهـــــا بەسـەربەرزییەوە ئامـــــاژە بەهەڵسوکەوت لەگەڵ ژن دەکات کە لە وڵاتـی کوردانـدا ژن دیلـی نـاو مـاڵ نییە. بەدڵنیـاییەوە دەبـێ بڵێیـن، مەلا مەحمـوود لەو پێشـەکییەدا تەنیـــا بە نەتەوەکەی هەڵنـــاڵێ و نووسـەر لە باســـــکردنی لایەنە نەرێنییەکانی ژیانی راستەقینەی کوردان خۆی نەپاراســتووە. ئەگەر بە وردی ســرنجی گۆشـەنیگا رەخنەئامێزەکـانی بـدەین، مەلا مەحمــوود رەخنە و گازەندە لە کوردانی کۆچەر و هـۆزە کۆچەرەکـان دەگـرێ. مەلا مەحمـــــوود بەپێچەوانەی هەڵوێســـــتی سـەبارەت بە بـــــرا کـــــوردە رەوەنــدەکان، پێیوایە کــوردانی نیشــتەجێ "خەڵکـانێکی رێکوپێـک و خاوەن دڵێکی پاک و جێگای رێز"ن (ڤاسـیلییەڤا، ١٩٩١، بەشــی III، ل.ل. ٥٦،٥٧، ٥٩-٦٢، ٧٢، ٨٠، ٨٤، ٨٦-٨٩، ٩٤، ٩٦، ٩٨، ٩٩).

---

[٢] بڕوانە بابەتی : ئ.ی. واسیلییەڤا، پەرتووکێکی نەدۆزراوەی مێژووی کوردسـتان، لە گۆڤـاری "بەڵگەنـامە یادگارییەکـان و کێشەکانی مێـژووی کولتـوری گەلانـی رۆژهەڵات". بەرگـی ٢٤، بەشی ٣، چاپی لێنینگراد، ١٩٩١, ل.ل. ٦٤، ٦٧-٧٢، ٧٥، ٧٦ .

ئەو وتەی مەلا مەحموود سنوورێکی دیاری ژینگەی کورد لە نێوان کۆچبەریی و یەکجێنشینییمان بۆ ئاشکرا دەکات. لە ژیانی راستەقینەی ناوچەکەدا، ئاژەڵداریی کۆچەر و وەرزێریی نیشتەجێ، دوو بازنەی بەستراو و نەگۆڕی بەستێنی ئابووری کوردانی پێکنەهێنابوو. هاوپەیوەندیی و هاوکاری لە نێوان کۆچەریی و یەکجێنشینی تایبەتمەندی بەرچاوی ناوچەیەکی وەک کوردستانە. ناتەبایی لەنێوان کۆمەڵگاکانی کۆچبەریی و یەکجێنشینیی رۆانگەیەکی شارنشینەکان بووە و بۆیە مەلا مەحموود، نووسەری "کتێبی تاریخی جەدیدی کوردستان" وەک شارنشینێک، ئەو ناتەباییەی زۆر بەرجەستە کردووتەوە. ئەو دوو گرۆپە کۆمەڵایەتییە، بەیەکەوە پێکهێنەرانی یەک ستروکتور بوون و بە هیچ شێوەیەک نەگۆڕ و چەقبەستوو نەبوون و م. ڤان برۆینسن جەخت دەکاتەوە کە لە نێوانیاندا **هەمیشە** جوڵە و گۆڕانکاریی ئاراستەدار هەبووە [واتە کۆچەر بۆتە وەرزێر و بەپێچەوانە] و ئەو گۆڕانکارییە بەپێی کات و هەلومەرجی سیاسیی و ئابووریی روویداوە (Bruinessen, 1978, p. 144).

پێشەکی مەلا مەحموود گەلێک زانیاریی بەنرخ بۆ کردنەوەی گرێکوێرەی خشتەی ناوەکانی هۆزە یەکگرتووە هاوخوێنەکانی کوردی تێدایە. سەرەڕای پڕ بوون لە ناڕوونی و ئاڵۆزیی لەو خشتەیەدا، بە لێکۆڵینەوە لە "شەرەفنامە"، دەکرێ هێندێک یاسا و ریسا بۆ نموونە، لە بەکارهێنانی وشەگەلێکی وەک "تایفە"، "عەشیرە" و "قەبیلە" بدۆزینەوە (ڤاسیلیيەڤا، ١٩٦٩)، کە مەلا مەحموود بەتەوایی

پەیرەویـــــی لێکـــــردووە (ڤاســــیلیەڤا، ١٩٩١، بەشـــــی III، ل.ل. ٦٩،٧٠،٧٥،٧٩)ر مەلا مەحموود هەر لەسەرەتاوە ئەو راستییەی لەبەر چـــاوگرتووە و "تـــایفە"ی بە مانـــای "ناوەنـــدی خـــانەوادە"، "لانکەی هـاوخوێنیی" بەکارهێنـاوە کە پاشـان دەبێتە پێکهێنەری "عەشـیرە" و "قەبیلە". بەڵام چ لە پێشەکییەکەی مەلا مەحمـــــــــــــــوود و چ لە "شەڕەفنامە"دا، زۆرجاریش ئەو سێ چەمکە بە مانـای تەواوی خۆیـان بەکـار نەهـاتوون و بەبـێ سـرنجدان بە ئاپۆرا و یـان تایبەتمەنییەکـانی دیکەیان، چەمکی "هۆز" بەکار هاتووە.

پێشـەکی پەڕتووکی "مێژووی نوێی کوردستان" ڕێگامان پێـدەدات تـا لە بیروبۆچـــوونی سیاســـی مەلا مەحمـــوود، لە هەڵسەنگاندنی بـــۆ هەلومەرجی سیاسـی کوردسـتان، بنەمـا و راسـتی و ئاسـۆکانی ئەو هەلـــومەرجە تێبگەیـــن. نووسـەر کاتیــک باســـی ناوچەکـــانی هـــۆزە کوردەکان دەکات زۆر ڕاشکاوانە ئامـاژە بە تایبەتمەنـدییەکانی دەکـات و وەک دیوارێکی زیندوو کە لە "گوشت و خوێن" پێکهاتووە، ناوی لێدەبات (ڤاسیلیەڤا، ١٩٩١، بەشی III، ل. ٥٩)ر و دەڵـێ ئەو هـۆزانە "وەک قەڵای مەیدانی شەڕ لە گورجستانەوە تا بەغدا، بەسـرە و شـارەزوور" لەپـاڵ یەکـتر جێگیرکـراون. لەڕاســتییدا ئەو دیـوارە وێنـاکردنی نـاوچە شـــاخاوییەکانی کوردســـتانە کە لەرووی هەڵکەوتـــووییەوە ناچـــار بـــۆتە سـنوورێکی سرووشـتیی لەنێـوان زلهێـزە دۆژمنکارەکـان و گۆڕەپـانێکی هەمیشـەیی پێکداداان و جەنگەکانیانی پێکهێناوە.

مەلا مەحمـــــوود هەر وەک شەڕەفخانی بتلیســــــی، زۆر بەداخەوە باسـی دووبەرەکی، دۆژمنکاری و ناکۆکیی نێوان هۆزە کوردەکان دەکـــا،

بەڵام مەلا مەحموود، کورد وەک یەک گەل بە یەک دابونەریتی تـایبەت بەخـۆ کە خـاوەن یەک زمـانە، پێناسـە دەکـات (ڤاسـیلیەڤا، ١٩٩١، بەشـی III، ل.ل. ٥٩،٦٢)، بۆ مەلا مەحمـوود باوەڕمەنـدیی بە ئایینـی ئیزدیی لەلای بەشێک لە کورد کە هێندێک جار وەک شەیتانپەرەسـت ناویـان لێـدەبەن، نـابێتە بنەمـای جیـاوازیی دانـانی ئەتنیکـی و وەک نووسەر ئاماژەی پێدەکات، ئیزدییەکان مەگەر بە هۆی ئایینەوە، دەنا بە هیـچ شـێوەیەک لە کـوردانیتر جیانـاکرێنەوە. ئەگەر مەلا مەحمـوود بەهـۆی بـوونی وەک "مەلا"، هەڵگـر و پەرەپێـدەری بیروبـاوەڕی بـاویی ئیسـلام بزانیـن، ئەو جەختکـردنەوەی لە پەڕتـووکی مێـژووی نـوێی کوردستاندا، گەلێک سرنجڕاکێش دەبێ.

مەلا مەحمود ئەگەرچی خۆی پاراستووە لە جیـاکردنەوەی کـوردان بەهۆی بیروباوەڕی ئایینییەوە، بەڵام نەیتوانیوە دۆچاری ناوچەگەریی لە چوارچێوەی نـاوچەکەی خـۆی نەبـێ و لە پێشـەکییەکەیدا ئانـتی تێـزی "خـۆ – بێگـانە" بەرچـاو نـاکەوێت. مخـابن، مەلا مەحمـوود پێیـوایە هۆزەکانی مـوکری، بابـان، بلبـاس و زەرزا جیـاوازییەکی زۆریـان لەگەڵ دانیشتوانی باکووری کوردستان هەیە. هەروەها هەکـاری، بادینـانی و بۆتانییەکـان زۆر بە نەرێنیـی هەڵدەسەنگێنێ (ڤاسـیلیەڤا، بەشـی III، ل.ل. ٧٢،٩٨،٩٩) لەچـاو بـرا باکوورییەکانیـان کە نووسـەر پێیـوایە ئاکاری بەتواویی جیاوازیـان لەیەکـتر هەبـووە. لێرەدایە کە ئانـتی تێـزی "ئێمە – ئەوان" دەردەکەوێ، بەڵام ئەو جیاوازییە رەنگی ئەتنیکـی پێـوە دیـــار نییە بەوجـــورەی خوســـرەو بـــن محەمەد لە نووســـراوەکەیدا کوردســـتانییەکان تەنیـا بە کـوردانی نـاوچە مێـژووییەکەی ئەردەڵان

پێناسە دەکات (خوسرەو بن محەمەد، ١٩٨٤، ل. ٢٣)، وادیارە دووربوون و نەبوونی زانیاری راست و دروست لە ژیانی ناوچە پەرتەوازەکانی کوردستان، هێندێک بۆچوونی سەیری لای مەلا مەحموود دروست کردیێت. بۆ نموونە مەلا مەحموود جەخت لەوە دەکاتەوە کە هۆزە کۆچبەرکان لە ئێران بە "گوران" دەناسرێن (ڤاسیلییەڤا، ١٩٩١، بەشی III، ل. ٦٩).

سەرەڕای هەموو ئەو هزرە کورتبینانە و ناوچەگەرییانەی کە سەبارەت بە هەلومەرجی راستەقینەی کورد هەیبووە، مەلا مەحموودی بایەزیدیی یەکەم مێژوونووسی کوردستانە کە پرسی دەوڵەتی کوردی دەوروژێنێ. ئەگەر هزری یەکگرتوویی کورد لە بەرهەمەکەی شەرەفخانی بتلیسیدا لەوبارەوە وەک سەرەکیترین بیروبۆچوونی شەرەفخان هەڵچنین و لەلای ئەحمەدی خانی، هەڵبەستوانی کورد، ئەو هزرە وەک دڵسۆزییەکی خەمبارانە بۆ چارەنووسی گەلی کورد و ئاواتی یەکگرتنی ئەو گەلە لێکدەینەوە، مەلا مەحموود بەدڵنیاییەوە جەخت لەسەر یەکگرتوویی کورد و پێکهێنانی دەوڵەتی کورد دەکات. بەپێی بۆچوونی مەلا مەحموود، کوردستان بۆ پێکهێنانی دەوڵەت "ئاپۆرا و بنەماکانی پێویست"ی هەیە و "وەک نموونەی گەلانیتر" تەنیا پێویستی بە یەکگرتن هەیە (ڤاسیلییەڤا، ١٩٩١، بەشی III، ل،ل، ٨٩،٩٠).

بەپێی وتەکانی مەلا مەحموود دەردەکەوێ کە نووسەر لەسەر داوای حکومەتی تورک لە دانوستانەکانی نێوان میرانی کوردی راپەڕیو و حکومەت، بەشدار دەبێ و بەتەوایی لایەنگریی لە راپەڕیوەکان

دەکات و هەر بەو هۆیەوە دەکەوێتە بەر تووڕەیی و فشــاری حکــومەت و تەنانەت دەستبەسەریش دەکرێ.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین، کاتێک تەنیا لە پێشەکییەکەی پەڕتووکی مەلا مەحمــوود بایەزیــدیی ئەو هەمــوو زانیــارییە بەنرخــانە دەبینیــن، بەدڵنیاییەوە دەبێ خۆدی کتێبەکە چەندها زانیاری سەبارەت بە کورد و هۆزەکـــانی لەخۆگرتـــبێت، بـــۆیە هیـــوادارم ئەو بەرهەمە مێژووییە بــدۆزرێتەوە. پێویســـتە بــۆ هەمــوو کــوردان لەنــاو کــتێبە کۆنەکــان و ئەرشیڤەکانیاندا زۆر بە وردیی لەدوای ئەو بەرهەمەدا بگەڕێن.

قوتابخانەی مێژوونووسیی ئەردەڵان
(کۆتایی سەدەی ١٨ تا سەدەی ١٩)

ناوی نووسەران، مێژوونووسان و هەڵبەستوانانی فەرامۆشکراوی کورد یەک لەدوای یەک ئاشکرا دەبن. ئەو ژمارە مێژوونوسە کوردانەی کە تا ئێستا لەبەر دەست دان و لە ناوچەی ئەردەڵان لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستاندا ژیان و تێکۆشانیان هەبووە، رێگامان پێدەدات تا باسی بوونی قوتابخانەیەکی کامڵی مێژوونووسیی ناوچەیی بکەین. هەر لەسەرتاوە بڵێین، بۆ کوردستان هەبوونی گەلێک مێژوونووسی ناوچەیی دیاردەیەکی بێوێنەیە کە دەستەڵاتی میرنشینی خانەدانی بەنی ئەردەڵان هەلێکی زەنگینی بۆ رەخساندن (ڤاسیلیيەڤا، ١٩٩١،ل. ٥) تا لێکۆڵینەوە بکەن لە رابردووی مێژووی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆر نووسەر بە لانکەی کولتووری کورد، ناویان بردووە.

محەمەد شەریف قازی [قازی محمد شەریف]
(سەدەی ١٨ تا سەرەتای سەدەی ١٩)

یەکێک لە ناسڕاو و کۆنترین نووسراوە مێژەوویەکانی ئەڕدەڵان، پەرتووکێکی شەریف قازی‌یە کە لە ١٨٠٠/٠١ نووسراوە و تەنیا یەک نموونەی ئەو دەستنووسە لە کتێبخانەکانی جیهاندا دەست دەکەوێت و تا ئێستا لەچاپ نەدراوە[١]. دەقی ئەو پەڕتووکە ئاماژە بە "مێژووی گشتیی" دەکات و تەنیا بەشی شەشەمی بۆ ئەڕدەڵان تەرخان کراوە و "ئ. بڕاون" کە کاری پێرست نووسینی ئەو پەڕتووکەی بۆ پەڕتووکخانەی زانکۆی کێمبریج ئەنجامداوە،بە گرنگترین بەشی ئەو دەستنووسە هەڵیسەنگاندووە (Browne, 1932, p.104). ئەو بەشە

---

١ [ساڵی ٢٠١٤ کتێبێک بەناوی "تاریخ کردهای اردلان" لە ٢٢٤ لاپەڕە و لە لایەن وەشانخانەی "کردستان" چاپکراوە بە پێشەکی و پێداچوونەوەی "سیامند خلیلی" کە ئاماژە بە "محمد شریف قاضی اردلان"وەک نووسەر و "بە انضمام مستورە اردلان" کراوە. لە ناساندنی کتێبەکە کە لەلایەن ماڵپەڕی فرۆشی کتێبی "ایران فرهنگ" بڵاوکراوەتەوە دەڵێ، دەستنووسی ئەو کتێبە لە "کتابخانە ملی ایران" لەبەر دەستدایە و پێشەکی، خاڵبەندی، دابەشکردن و پێرستی نییە. و هیچ ئاماژەیەک بە "زبدە التواریخ سنندجی" نەکراوە.]
http://www.iranfarhang.com/BooksByGenerator.aspx?Generator=9321#;BID=15137

یەک لەسەر پێنجی پەڕتووکی "زبدە التواریخ سنندجی" پێکهێناوە.

محە مەد شەریف قــازی جەخـــتێکی تــایبەتی لەسەر هۆزەکـــان نەکـردووە، بەڵکـوو "مێژوویەکـی گشـتیی" نووسـیووە و هەر یەک لە هۆزەکـــانی نـــاوچەکە بەشـــداریی کـــارا لەو مێـــژوویەدا دەکەن. لەو دەستنووسەدا زانیاریمـان سەبارەت بە هـۆزی گـۆران لە نێوەڕاسـتی سەدەی ١٧ دەست دەکەوێت. بەپێی محەمەد شەریف قـازی، کەلـب عەلی خان، میـری ئەڕدەڵان، "سەفی خـان سـۆڵتان"ی گـۆرانی وەک حـاکمی جـوانڕوو و سەرۆکی هـۆزی جـاف دەسـت نیشـانکردووە. هیچکام لە مێژوونووسانی ئەڕدەڵان ئاماژەیـان بە چارەنووسـی هـۆزی جاف و پێوەنـدییەکانی لەگەڵ میرنشـینانی خـانەدانی بەنـی ئەڕدەڵان لە نێوان سەدەکانی ١٢ تا ١٧دا نەکردووە.

محەمەد شەریف قـازی، هەروەهـا لەبـارەی هـۆزی کەڵهـوڕیش ئاماژەی بە گەلێک زانیـاریی بەنرخـی کـردووە. ئەو زانیارییـانە سەدەی ١٧ دەگرێتەوە و بەبۆنەی مریـد بـوونی میـری ئەڕدەڵان لەلای سـۆڵتان وەیسـی کەڵهوڕ نووسراوە و دەبێتە "حاکمی رەهای پالەنگان".

هەروەها زانیاریی سەبارەت بە هۆزەکانی گـۆران و کەڵهـوڕ لەنێـوان سەدەکانی ١٧ و ١٩ زۆر سرنجڕاکێشن. زۆربەی ئاپۆڕای ئەو دوو هـۆزە لە پانتایی کرمانشـاندا جێگیـر بـوون. ئەو دەستنووسە پـڕە لە زانیـاریی دەربارەی هۆزەکانی کورد.

پەڕتـــــووکی محەمەد شەریف قـــــازی یەکێـــــک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی مێژوونووســـــی سلســـــلەی میرنشـــــینی ئەڕدەڵان

پێکدێنێت. ئەو بەشەی بۆ میرانی ئەڕدەڵان تەرخانکراوە، دەکرێ وەک یەکەم نەریتی تا ئێستا لەبەردەست و دۆزراوە لە مێژوونووسیی خۆجێیی ناوزەد بکەین.

خوسرەو بن مۆحەمەد بەنی ئەڕدەڵان،
بەنازناویی جەواهیریی (لەدایکبووی ساڵانی ٨٠/٧٠ی سەدەی ١٨)

پەڕتووکە مێژووییەکەی خوسرەو بن محەمەد [لب التواریخ] (پڕوانە: تاریخ اردلان، ماه صفر ٣٥٣٦، خوسرەو بن محمەد بەنی ئەردەڵان، ١٩٨٤) لە ساڵانی ١٨٣٣-١٨٣٥ نووسراوە، واتە لەسەردەمی دەستپێکی لاوازبوونی حکومەتی خانەدانی بەنی ئەڕدەڵان و کەوتنە ژێر کاریگەریی بەهێزی دەستەڵاتی ئێران. نووسەر لە ماڵباتێکی سەر بە لکوپۆکانی خانەدانی بەنی ئەڕدەڵان هەڵکەوتووە و لە نەداریدا ژیاوە. وەک لە دەستنووسەکەیدا ئاماژەی پێکردووە، "هەموو شتێک درابوو بە بێگانە بەوانەی کە بە فارسی دەئاخافتن". واتە "میر کەمتر لەهەموو کەس بە ژیان و گوزەرانی خزم و کەسی خۆی رادەگەیشت"، بۆیە "... زۆربەی ماڵباتی بەنی ئەڕدەڵان لەوپەڕی نەداریی و بێدەرەتانی"دا دەدژیان (خوسرەو محەمەد بەنی ئەڕدەڵان، ١٩٨٤، ل.ل. ١٠٣ب، ١٠٧ب).

پاش ئەو تێبینیانە، ئاڕاستەی سەرەکی دەستنووسەکە دەستپێدەکات و باسی پلەوپایەی بەرزی خانەدانی بەنی ئەڕدەڵان

دەکــات، ڕەسـەنایەتیی، شایســـتەیی و شـــکۆ و توانــای ئەو ماڵبــاتە پێشــان دەدات. نووسـەر ئامــاژە دەکــا بە هەســتی نیشــتمانپەروەری دانیشتوانی ناوچەی ئەڕدەڵان و ئاواتی خۆپاراســتن و دوورکەوتنەوە لە "بێگانەکان" دەخوازێ.

خوسرەو بـن مـۆحەمەد وشـە بەوشـەی زانیارییەکـانی شـەڕەفخانی بتلیســی سـەبارەت بە خـاکی کوردســتان دووپاتـدەکاتەوە، بەڵام تەنیـا پانتــایی میرنشـــینی ئەردەڵان بە کوردســـتان نــاو دەبــات. بە نــاوی ئەڕدەڵانیش تەنیا دوو جار ئاماژە دەکات (خوسرەو بـن محەمەد بەنـی ئەڕدەڵان، ١٩٨٤، ل. ١٠٠ئا). هەروەهـــا کاتێـــک باســـی شـەڕە یەک لەدوای یەکەکــانی حاکمــانی ئەڕدەڵان لەگەڵ بابانەکــان، جافەکــان، زەنگەنە و هۆزەکانیتری کورد دەکات، تەنیا "شـۆڕەسوارانی" ئەڕدەڵان بە کورد نـاو دەبـات. نووسـەر تەنـانەت جـارێکیش بابانەکـان، جافەکـان، هەورامییەکان، زەنگەنە، موکرییەکان و ئەوانیتر بە کورد نـاو نابـات. لە یەکێک لە لاپەڕەکانی پەرتووکەکەیـدا، بابانەکـان کە نەیـاری حاکمـانی ئەڕدەڵان بـوون بە "بێگـانە" نـاو دەبـات (خوســرەو بـن محمەد بەنـی ئەڕدەڵان، ١٩٨٤، ل. ٥٣ ب).

کەوابوو زۆر ڕوون و ئاشـکرایە کە خوسـرەو بـن محمەد پێـش هەمـوو شـتێک ئەڕدەڵانییەکانی بە کورد و تەنیا ناوچەی میرنشینی ئەڕدەڵانی بە کوردســتان زانێــوە. ئەو ڕاســتییە هــزرەی سیاســیی و مێژوویــی قەدیــس مــانەوە لەچوارچێــوەی نــاوچەی خــۆیەتی و نــاوچەگەریی پێشـــاندەدات. ڕادەی ئەو نـــاچەگەرییە بەتـــایبەت بە هەڵسەنگاندنی بیرۆبۆچــوونی خوســـرەو بـــن محمەد لەگەڵ جیهــانبینی شـەڕەفخانی

بتلیســـی دەردەکەوێـــت، کاتێـــک شـەڕەفخان دڵســـۆزانە باســـی چارەنووســـی گشـــت گەڵـــی کـــوردی دەکـــات و ئاواتەخۆازە بەهەر شــێوەیەک بــێ، یەک دەوڵەت بە سـەرۆکایەتی پاشــایەکی بەهێـز بـۆ کورد دامەزرێ (شـەڕەفنامە، ١٩٧٦، ل. ٢٩).

خوسرەو بن محەمەدیـش هەر وەک شـەڕەفخانی بتلیسـیی، کـورد بەگـۆێرەی دابـونەریت و زمـانەوە بە چـوار لـک دابەش دەکـات. بەڵام خوســـرەو بـــن محمەد بە پێچەوانەی شـەڕەفخانەوە، هـــۆزی بەنـــی ئەڕدەڵان لە شـــوێن هـــۆزی کەڵهـــوڕ لە پلەی یەکەمـــدا ناودەبـــات، لەکاتێکـدا حوکمڕانـانی خـانەدانی بەنـی ئەڕدەڵان هەرگێـز رووبەڕووی شـەڕ و پێکدادان لەگەڵ هۆزی کەڵهوڕ نەبوونەوە. ئەو بەرزکـردنەوەیەی پلەوپـایەی بەنـی ئەڕدەڵانەکـان لەنێـو هـۆزە سـەرەکییەکانی کـورددا، هەمـان هــزری خــۆ بەزلزانیــن و خۆبــایی ماڵبــاتی و عەشـــیرەتی، پێشـاندەدات.

خوســرەو بــن محمەدیــش وەک شـەڕەفخانی بتلیســیی پرســی باوەڕمەنــدیی ئایینیـــی هـــۆزە کوردەکـــان لە ولایەتـــی کوردســـتان دەوروژێنــێ و بە تـووک و نفـرەتەوە هەڵـدەکوتێتە سـەر ئەو کـوردانەی باوەڕیان بە ئایینی ئێزدیـی هەیە و بە شـەیتانپەرەسـت ناویـان دەبـات. ئەو هەڵچوونە لەڕادە بەدەرەی خوسرەو بن محمەد زۆر ناتەبایە لەگەڵ هەڵســـــوکەوتی ئارام و لەسـەرەخۆیانەی شـەڕەفخانی بتلیســــیی لەوبـارەوە. بەپێـی شـەڕەفنامە، تەواوی تـاوانی ئێزدییەکـان بریـتییە لە رۆژوو نەگرتن و دۆعـا نەکـردن [نـوێژنەکردن]، چۆنکـوو بەهەڵە پییـانوایە پێشـەوای مەزنیـان، "شـێخ ئادی" ئەو ئەرکەی خسـتۆتە سـەرشـانی

خـۆی و بـۆیە "... لە رۆژی دادگـا ترسـناکەکەدا، بەبـێ لێپرسـینەوە ڕەوانەی بەهەشت دەکرێن" (شەڕەفنامە، ١٩٦٧، ل.ل. ٨٣، ٨٤).

ئەو کۆمەڵگا عەشیرەتییانەی کە دەکرێ لە پەڕتووکەکەی خوسـرەو بن محەمەد لەبارەیاندا زانیاری بەدەست بێنین، بریتین لە پێنـج هـۆزی مەزنی: جاف،بلباس،هەورامی،، کەڵهوڕ و گـۆران. یەکەم ئامـاژە کە لە مێژوونووسـیی ئەردەڵانـدا سەبارەت بە هـۆزی جـاف کرابێـت، لە پەڕتـووکەکەی خوسـرەو بـن محەمەد دا دەبینینەوە (خوسـرەو بـن محەمەد، ١٩٨٤، ل. ١٢٤)، ئەویـــش لەپێوەنـــدیی دایە لەگەڵ دەستنیشـانکردنی یەکێک لە سەرۆک جافەکان بـۆ حـوکمڕانی جـاف و جوانڕوو، "با ئیتر واز لە یاخییگەریی بێنن و گوێڕایەڵ و فەرمـانبەری شـا سـەفی بن". وادیارە ئەڕدەڵانەکان گوێڕایەڵ و فەرمانبەریی جافەکانیـان بەدەست نەهێنـاوە و دوژمنـایەتی و پێکـدادانی نێوانیـان بەکـۆچکردنی بەشێک لە هۆزی جاف بۆ رۆژئاوا [گەرمیان]، کۆتایی پێهاتووە.

ئامـاژە و زانیارییەکـان سەبارەت بە کـات و هۆکارەکـانی کـۆچکردنی جافەکان یەکتر ناگرنەوە (ڤاسـیلیەڤا، ١٩٩١،ل.ل. ١٦٣-١٦٥)، بەڵام لە نـاوەڕۆکی ئەو بـابەتەی پەرتـووکەکەی خوسـرەو بـن محەمەد دا، وەڵامی ئەو دوو پرسە بەروونی و بەوردیـی دەردەکەوێ. لێـرەدا ئامـاژە بە سـەردەمی حـوکمڕانیی شـا سـەفی (I) کـراوە، شـا سـەفیش لە ساڵانی ١٦٢٩-١٦٤٢ لەسـەر دەسـتەڵات بووە و وادیارە کە هۆزی جاف ڕێک لەو ساڵانەشدا دەستی بە ڕاپەڕین و شـەڕ و کۆچی (بەشـێکیان) بەرەو رۆژئاوا [گەرمیان] کردبێت.

سەرپێچی هۆزەکانی هەورامان لە حکومەتی میرانی ئەڕدەڵان لەوەی جافەکان کەمتر نەبووە. حوکمڕانانی ئەڕدەڵانیش گەلێکجار بۆ گوێڕایەڵکردنی سوڵتانەکانی هەورامان هەوڵیانداوە کە خوسرەو بن محەمەد بە " کوێستان زادە یاخییەکان" ناویان دەبات و هەروەها پێیان دەڵێ "سەریان لە پەستەکی نافەرمانی" زۆرتر بەرزکردووتەوە و "رێگای دوژمنایەتییان" هەڵبژاردووە و "دەرگای فەرمانبەریی و پەیرەویی کردنیان داخستووە" (خوسرەو بن محەمەد بەنی ئەڕدەڵان، ١٩٨٤، ل.١٠٤ب).

لێرەدا پێویستە بلێین، لە ساڵی ١٨٦٧/٨دا و پاش رووخانی میرنشینی ئەردەڵان، هەمان ئەو سوڵتانانی هەورامان کە بەو شێوەیە کەوتونەتە بەر پلاری تورەیی و هەڵچوونی نووسەر، بەرگرییەکی سەرسەختانە لەبەرامبەر فەرهاد میرزا، شازادەی قاجار دەکەن کە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەی ئەڕدەڵان دەستنیشان کرابوو.

یەکێتی هۆزەکانی هەورامان کە لە ناوچە سنوورییەکان میرنشینی ئەڕدەڵان نیشتەجێ بوون، کەمتر لە جافەکان بەرخۆدان و ڕاپەڕینیان نەکردووە. لە پەڕتووکەکەی خوسرەو بن محەمەد ئاماژە بە شەڕی سۆپای میر لە سەرەتای ساڵانی ٣٠ی سەدەی ١٩دا، لەگەڵ راپەڕاوە هەورامییەکان کراوە. بەدرێژایی شەڕ و کاتێک "قارەمانانی سۆپای والی، هێرشیان بردە سەر هەورامییەکان و شەڕێکی دەستەویەخە لەنێوانیاندا روویدا" دیسان هەورامییەکان دەکەونە بەر "بەزەیی و لێبردوویی کۆتانەهاتوو" و نووسەر لە کۆتاییدا دەڵێ، "ئێستاش محەمەد سوڵتان هەورامی کە کەسی بەهاوشانی خۆی

نەدەزانـی، کەوتـووتە بەر لێـبردوویی ئەو (میـری ئەڕدەڵان)" (خوسـرەو بـن محەمەد بەنـی ئەڕدەڵان، ١٩٨٤، ل. ١٨٣)، هۆزەکـانی هەورامـی سـەرەڕای گــۆێڕایەڵە نەبوونیــان، وادیــارە بەحەزەوە لە ســۆپای میــر خزمەتیـان کـردووە، تەنـانەت پاراسـتنی دیوەخـانی میـر لە سـنە وەک مافێکی تایبەت، بە تفنگچییە هەورامییەکان سپێردرابوو (Rich, 1836, Vol. I, p. 202).

لێـرەدا پێویســتە بڵێیـن، خوســرەو بــن محەمەد کاتێـک رووداوەکـان دەگێـــڕێتەوە، بەڕەخنەوە نافەرمـــانی و بەرخۆدانی هەورامییەکــــان هەڵدەسەنگێنێ و زۆر بەخۆبــایی و خــۆبەزلزانین باســـی سەرۆکی هەورامییەکـان، محەمەد سـۆڵتان کە "کەسـی بە هاوشـانی خـۆی نەدەزانی"، دەکات.

خـانەدانی میرنشـینی بەنـی ئەڕدەڵان هەروەهـا لەگەڵ هـۆزێکی بەتوانای دیکەی کورد هامووشۆیان هەبـووە، بێگۆمـان ئەو هاموشـوویە لە گۆڕەپـانی شەڕ و پێکـدادان بـووە. لێـرەدا مەبەسـت هـۆزی بلباسـە. ئاڕاسـتەی کۆچکردنی هۆزی بلبـاس لە کـاتی جیـاوازدا تـا ناوچەکـانی بــاکووری ئازەربایجــانی تەنیــوەتەوە. ئەگەرچــی نــاوچەی سەرەکی نیشـتەجێ بوونیان بەگشـتی باشـووری گـۆلی ورمـێ لە نێـوان شـنۆ و ســابڵاخ و هەروەهــا بەشــێک لە ناوچەکــانی بــاکووری حــوکمڕانی بابانەکان بۆوە. بەڵام زۆر جـاریش دەسـتدرێژیی بێباکـانەی ناوچەکـانی ئەڕدەڵانیشــان کــردووە و هیــچ بەهایەکیــان بەحــاکمە ناوچەییەکـان نەداوە.

کاتێــک چاوەخشــێنین بە نووســـراوە مێژووییەکـــانی ئەڕدەڵان سەبارەت بە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ بلباسییەکان، بۆمان دەردەکەوێ کە تێکهەڵچوون و کێبەرکێیەک لە هێز و چالاکی سەربازی لەنێوانیانـدا هەمیشە بەردەوامیی هەبووە و هەریەک لە حاکمانی ماڵباتی بەنی ئەڕدەڵان بە ئەرکـی خۆیـان زانیـوە کە لەگەڵ بلباسەکان دەبـێ بە زمانی هێـز بـدوێن و تەنیـا بە خـۆ تەیارکردن و هێرش کردنە سەریان، ئاشـتی لەنێوانیانـدا بەرقەرار دەبـێ. مێژوونووسـانی ئەڕدەڵان بە ناوونـاتۆرەی گەلێـک نـاحەز باسـی بلباسەکانیان کـردووە، بەتـایبەت خوسرەو بن محەمەد زۆر بەئاسـایی بە تـاقمێکی خۆفرۆشـی بێـدینی چەپەڵ، ناویان لێ دەبات.

هۆزی بلباس لە سـازوکارێکی سیاسـی-کۆمەڵایەتی خۆدمۆختاردا ژیـاوە و بەتەواویـی لەدەرەوەی کەیـن و بەینە دەرەکییەکانـدا هەڵسـوکەوتیان کـردووە. بلباسەکان نە وابەسـتە بـوون بە ئێـران و عۆسـمانی و نە ملکەچـی ئەردەڵانەکـان و بابانەکـانیش بـوون و بەدرێژایـی سـنووری نێـوان هەموویانـدا کۆێسـتان و گەرمێنـی خۆیـان کردووە. هەر بەهۆی ئەو نافەرمانی و ملکەچ نەبـوونەیە کە بلباسەکان نەدەبا چاوەڕوانی هەڵسوکەوت و "پێهەڵکوتنی"تریـان لە خوسـرەو بـن محەمەد کردبا.

مخـابن هەر ئەو – بە وتەی خوسـرەو بـن محەمەد "تـاقمە تاڵانچییـانە"، بەپێـی یاسـاکانی کۆمەڵگـای عەشـیرەتی بلباسەکان ببوون بە پشتیبان و سەرپەنا بـۆ ئەو کەسـانەی لەدەسـت سـتمکاران رایان دەکرد و پێویستییان بەیارمەتی دەبوو. هـۆزی بلبـاس پشـتگیریی

سەربازیی هەموو شۆڕشگێر و نەیارانی دەستەڵاتی دەکرد و تەنانەت ببوو بە پەناگا و جێگای ئۆمێدی ئەندامانی خانەدانە حوکمرانەکانی لەدەستەڵات لابراویش. حاکمی بانە کە لە سەرەتای ساڵانی ٩٠ی سەدەی ١٨ ڕێبەریی شۆڕشێکی لە ناوچەکانی بانە، هەورامان و مەریوانی بەدەستگرت، لەلای بلباسەکان سەرپەنای دۆزییەوە (ماەشەڕەف خانمی کوردستانی، ١٩٠٠، ل.١٥٠)، لیستی ئەو کەسانەی لە لایەن بلباسەکانەوە یارمەتی و پشتیوانی کراون دەکرێ درێژ بکرێتەوە. بەهەموو پێوەرەکان و لەهەموو بارێکەوە، دەکرێ هۆزی بلباس وەک هۆزێکی ڕەسەن (کلاسیک) ناو بەرین. ئەو هۆزە نەتەنیا ئەرکی پشتیوانیکردن لە لێقەوماوانی وەک ئەرکێکی پیرۆزی عەشیرەتی بەجێ دەگەیاند، بەڵکوو هەڵگر و خاوەن بنەمایەکی نەگۆڕ بووە، واتە هۆزی بلباس "وەجاغ"ی [لانکەی] سەرۆکانی هۆز، پیاوماقووڵانی خانەدانی حوکمڕان بووە، وەک پێی دەڵێن "وەجاغی کاخدرێ".

ماه شەڕەف خانمی کوردستانی [مەستورە]
(١٨٠٥-١٨٤٧)

دەستنووسە مێـــژووییەکەی مـــاه شەڕەف خـــانمی کوردســـتانی شوێنێکی تایبەتی لە مێژوونووسیی ئەردەڵانـدا هەیە. ئەگەر خوسـرەو بـن محەمەد کە ٢٠ سـاڵێک پێـش مـاه شـەڕەف خـانم لەدایکبـووە، لە نووسینەوەی لاپەڕە بە لاپەڕە و وشـە بە وشـەی دەقی مێژوونووسـانی پێـش خـۆی زۆر بێبـاک بـووە، بەڵام مـاه شـەڕەف خـانم بەپێـی توانـا تێکۆشـــاوە لێکــۆڵینەوە لەو زانیاریــانە بکــات. مــاه شــەڕەف خـــانم زۆر رەخنەئامێز هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو سـەرچاوە مێژووییـانە دەکـات و لە پەڕتووکەکەیـــدا زۆر بە دڕدۆنگیـــی و گۆمـــانەوە ئامـــاژە بەو زانیارییـــانە دەکات. ئەو بۆچونە بەئاشکرا، مـاه شـەڕەف خـانم لە مێژوونووسـەکانی پێـــش خـــۆی جیـــا دەکـــاتەوە کە نووســـینەکانیان ئاســـتێکی نـــزم و ساکارانەیان پێوە دیارە.

مـــاه شەڕەف خـــانم گەلێـــک زانیـــاری بەنـــرخ سەبارەت بە بـــن و بنەچەکەی کەسـایەتییە بەناوبانگەکـانی کوردسـتان ئاشـکرا دەکـات. ٩بەشـی سـەرەتای پەڕتووکەکەی، زانیاریی زۆرترمـان پـێ نـادات لەوی

پێش‌تـر سـەبارەت بە مێـژووی خـانەدانی بەنـی ئەڕدەڵان نووســراوە. لەبەشـەکانی‌تردا نووسـەر زانیاری سـەرچاوە کۆنەکان پۆختەتر دەکات و هەڵگـری گەلێــک بـابەت و لایەنــی مانــاداری نــوێ و هــاوتەریب و سرنجڕاکێشـە. ئەو پەڕتــووکەی مـاە شـەڕەف خـانم تـاکە سـەرچاوەی سـەرەکی و گەلێــک گرینــگ لە نەوعـــی خـــۆی دایە بـــۆ دووبـــارە ســـاخکردنەوەی ڕووداوە ئاڵۆزەکــانی سـەردەمی دوواییــن میرەکــانی خانەدانی بەنی ئەڕدەلان. ئەو پەڕتـووکە بەدەسـتی هاوسـەری میـری ئەڕدەڵان، ژنێکــی لێهــاتوو، کــارزان و هەســت ناســک نووســراوە کە راســتەوخۆ ئاگــادار و بەشــداری زۆربەی ڕووداوەکــان بــووە و هەناسـە ساردیی ئەو سـەردەمەی پێوە دیارە.

لەو ڕووداوانەدا باســـی بەشـــداریی کــارای کۆمەڵگــا و سـەرۆک هۆزەکــان و بەتــایبەت هەورامییەکــان کــراوە. یەکێــک لەوانە، حەســن ســـۆڵتانی هەورامییە کە مـــاە شـەڕەف خـــانم لە کوێســـتانەکانی هەورامـان و لە هەلـومەرجێکی زۆر نەگۆنجـاودا هامووشــۆ و گفتوگـۆی لەگەڵــدا هەبــووە و هەڵسـەنگاندنێکی گەلێــک جیــاوازتر لە بۆچــوونی خوســـرەو بـــن محمەد سـەبارەت بە ئاکــار و ڕەفتــاری هەورامییەکــان ئاشـکرا دەکات.

لە ساڵی ١٨٣٤ و لەتەمەنـی ٣٠ سـاڵێدا، خوسـرەو خـانی حـاکم، میری ئەردەڵان و هاوسـەری مـاە شـەڕەف خـانم کۆچیـدووایی دەکـات. میرنشـــینی ئەڕدەڵان تووشـــی پەرێشـــانی و قەیـــران دەبـــێ کە بە دەستنیشـــانکردنی بێگــانەیەکی نــاودار بە ســـتمکاریی و زۆرداریـــی

لەلایەن شای ئێرانەوە، کۆتایی پێدێت. خوسرەو خانی گۆرجی[1] دەبێتە دەستەڵاتداری ئەردەڵان.

پاشان هەموو بەگزادەکانی ئەڕدەڵان پڕیاریان دا باروبەرگن بەرەو سلێمانی تێکنێن و پەنا بۆ میری بابان بەرن. ماه شەڕەف خانمیش یەکێک لەو هەزاران پەنابەرە بوو کە لەرێگای کوێستانەکانی هەورامان تۆشی گەلێک کوێرەوەری و دژواری دەبنەوە، بەڵام حەسەن سۆڵتانی هەورامی بە باوەشێکی ئاواڵە پێشوازیی لە لێقەوماوانی ئەڕدەلان دەکات و "ئەوپەڕیی دابونەریتی کوردەواری بەجێگەیاند" (ماه شەڕەف خانمی کوردستانی، ۱۹۹۰، ل.ل. ۱۸۱-۱۸۲)، بەو شێوەیە بەپێچەوانەی بۆچوونی خوسرەو بن محەمەد کە بە "تاقمێکی خۆفرۆش و تاوانکار" ناویان دەبات، هەورامییەکان و سەرۆکەکەیان، لەپێش چاوی ماه شەڕەف خانم پابەندبوونیان بە دابونەریتی کوردەواری دەسەلمێنن. دیارە هەورامییەکان دیسان، بەڵام درەنگتر دەکەونە بەر پلاری میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی.

پێویست بە ئاماژەیە کە چوار ساڵ پاش مەرگی ماه شەڕەف خانم و لە کۆتایی ساڵی ۱۸۵۱دا، حەسەن سۆڵتانی هەورامی دیسان شۆڕش دەکات و ئەمانۆڵڵاخانی دووەم، میری ئەردەڵان بەپڕیاری شای [قاجار] و بەهاوکاریی هێزە سەربازییەکانی، راپەڕینی هەورامییەکان سەرکۆتدەکات.

---

[1] [Andre Ghaytmazeants ئاندرە قایتمزیانتس، ناسراو بە خسرەو خانی گورجی (۱۷۸۵ تفلیس، ۱۸۵۷ تاران)، لە هاوینی ۱۸۰٤ لە نزیک قەڵای یەرەڤان لە لایەن سۆپای قاجار بەدیل دەگیرێ. پاشان لە تاران یەختەی دەکەن و دەبێتە "خواجە"یەکی ناودار و دەستڕۆیشتوو لە دەرباری "فەتحعەلی شا" و "ناسرئدینی شا"ی قاجار. ویکیپێدیا.]

ئەوە کـورتەیەک بـوو سـەبارەت بە هەورامییەکـان کە سـەدان سـاڵ ڕۆبەڕووی شـەر و پێکدادانی ئەردەڵانەکان و پاشـایانی ئێران بوونەتەوە.

میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی [١]

میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی بەپێچەوانەی مێژوونووسەکانی پێش‌تر لەخۆی کە بە برا ناوی بردوون، لە دیوەخانی حاکمی قاجار خزمەتی کردووە، چۆنکوو لە ساڵی ١٨٦٨ میرنشینی ئەردەڵان تێکدەچێ و دەبێ بە ویلایەتێکی ئاسایی ئێران کە ئیتر یەکێک لە ئەندامانی خانەدانی شای ئێران بەڕێوەی دەبات. نووسەری "حەدیقەی ناسریە"[٢] کە دەبێتە فەرمانبەر و خزمەتکارێکی دەستەڵات، زمانحاڵی هەلومەرجی سیاسی و هەڵوێستی فەرمی دەستەڵات لەهەمبەر هۆزی ئەردەڵان بووە و جگە لەوەش نەیتوانیوە هەڵوێست دەرببڕێ.

هەریەک لە دەوڵەتانی پاشایەتی ئێران و ئیمپراتۆری عۆسمانی کە

---

[١] [بە فارسی، "علی اکبر وقایع نگار کردستانی"]

[٢] دەقی ئەو دەستنووسە لەلایەن نووسەری ئەو دێرانە ئامادەکراوە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە کە لە زمانی فارسی بۆ رووسی وەرگێڕدراوە و بریتییە لە: پێشەکی، تێبێنیی و خشتەیەکی سەرچاوەکان لەسەر پێشنیازیی زانایانی ئەنجۆمەنەی پەیمانگا [پەیمانگای دەستنووسە رۆژهەڵاتییەکانی ئاکادێمیای زانستەکانی رووسیا]، بەڵام ئێستا لەچاپ نەدراوە.

[ساڵی ٢٠١٢ لەچاپدراوە. پڕوانە ل. ٨ , جێی ئاماژەیە نووسراوەی بەردەستتان ساڵی ٢٠٠٣ نووسراو.]

لە سەرەتای سەدەی ١٦، خـــاکی کوردســـتانیان لەنێــو خۆیانـــدا دابەشـــکردبوو، بە بـــێ جیـــاوازیی و بە بـــێ پســـانەوە هەوڵـــی سەرکۆتکردنی هـۆزە بەتوانـا و بەهێزەکـانی کوردیـان داوە. ئەو هـۆزە مەزنانەی کە گۆێڕایەڵ و ملکەچی دامو دەزگاکانی دەستەڵات نەبوون، پەراوێـز دەخـران و وەک سەرچاوەیەکی هەمیشەیی مەترسـیی بـۆ دەستەڵات چاویان لێـدەکرا. لە سـاڵانی ٢٠ی سەدەی ١٩دا، ژمـارەی ئاپۆڕای هۆزی مەزنی جاف بە هەزاران رەشماڵ بەراورد کـراوە. بەپێـی ک.ج. ریـچ (Rich, 1836, Vol. I, p. 112, 281) لە کـاتی پێویسـتدا هۆزی جاف تواناى تەیارکردنی دوو هەزار سوار و چوار هەزار چەکداری هەبووە کە وەک باشترین هێزی سەربازی لەناو سۆپای کورددا هەژمار کراون.

لەڕاستیدا، نە میرانی خانەدانی بەنـی ئەڕدەڵان و دیـارە نە والـی و حــاکمی قاجـار و هەروەهـا نە ســوڵتانانی عۆســمانی، کاریگەریـان لەسەر هـۆزی جـاف نەبـووە. هـۆزی جـاف بەکـردەوە سەربەخۆ بـوو. کـۆچبەرانی جـاف بەدرێژایـی سـاڵ لەنێـو رەشــمالەکانیاندا دەژیـان، هاوینـــان لە کوێســـتانەکانی حـــاجی ئەحمەد لەدەوروبەری پێنجـــوێن هەروەها لە مەڵبەندەکانی سەقز و مەریوان سەربە نـاوچەی ئەڕدەڵان و زستانانیش لە دوڵ و بەنـدەنەکانی شـارەزوور، سەر بە ئیمپراتـوریی عۆســمانی لە هـاتووچوودا بـوون. لە کۆتـایی سەدەی ١٨دا، بڕیـاری رێگرتن لە کـۆچی هـۆزی جـاف بـۆ "تێپەڕکردنـی خـاکی" کوردسـتانی ئەڕدەڵان درا، بەڵام سەرەڕای رێوشـوێنە تۆندەکانی حـاکمی ئەڕدەڵان، ئەو رێگرییە سەری نەگرت.

هـــۆزی مەزن و بەهێـــزی جـــاف وەک هەمـــوو کـــۆمەڵە یەکگرتـــووە عەشـــیرەتییە تەواوکـــۆچەر و نێوکۆچەرەکـــان، ڕێـــڕەوی کـــۆچی وەرزیـــی تایبەت بەخۆیان هەبوو کە بە درێژایی سەدان سال دیـاریی کرابـوون و جێکەوتبـوون. لەسـەر ئەو بنەمـایە، هـۆزی جـاف دەیتـوانی ئاڕاسـتەی جێگۆڕکەی وەرزیی بۆ کۆچی هۆز دیاری بکات و لە هەمـوو وەرزەکـانی سـاڵدا، لەگەل زەوییەکـان و شـوێنەکانی نیشـتەجێ بوونیـان لەو ڕێڕەوەدا، وەک زەوی و سامانی خۆیان هەلسـوکەوتیان دەکـرد. مـافی جێگـۆڕکێ لەگەڵ مـافی کەڵکـوەرگرتن لە مەخەڵ و لەوەڕگە تایبەتەکـان، جـا چ بەرێکەوتـن بـا و یـا چ بەزۆر، وەک مـافێکی لێکجیـانەکراوە و نەگـۆڕ و سرووشـتی، لە کوردسـتاندا داسەپابوون. ژیانی جافەکان بەدرێژایی سەدان ساڵ بەو شێوەیە درێـژەی هەبـووە. سیسـتەمی عەشـیرەتی و کـۆچبەری گرینگـی و بـایخێکی زۆری بـۆ کۆمەڵگا هەبووە. پێویستی و لێکگرێدراویی پێوەندییەکانی نێوان وەرزێـر و کـۆچەر بەتەوایـی پێچەوانەی بۆچـوون و تێگەیشـتنی هێنـدێک لە نووسەرانە. لەپشت ناتەبایی بـاوی نێـوان وەرزێـر و کـۆچەر، هەوڵێکـی هاوبەش بۆ هاوکاری و پێکەوە ژیان دەبینرێ کە بەپرِوای م. ب. رۆڤتـۆن یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سـەراسـەری رۆژاوای ئاسـیایە (Rowton, 1973, p. 249).

هۆزەکـان هەر لەسـەرەتای دەسـتپێکردنی کۆچەکانیانـدا و بـۆ راگوسـتنی کەلوپەلەکانیـان و دابینکردنـی سـووتەمەنی، لەگەڵ وەرزێـران رێکـدەکەوتن. ئەو دوو لایەنە هەروەهـا قـازانجی هاوبەشـیان هەبـوو لە ئاڵۆگـۆرکردنی بەرهەمەکانیـان. ویلیـام دورویـل لە

سەفەرنامەکەی خۆیدا، هەلومەرجی کوردستان لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ بەباشی ڕوووندەکاتەوە: "دانیشتوانی گۆندەکان بە هاتن و مانەوەی کۆچەرەکان لە زەویی گۆندەکان زۆر دڵخۆشبوون، چۆنکوو مەڕومالاتی پێویستیان زۆر بە هەرزانتر لە بازار، لەوان دەکرێ" (دورویل، ١٨٢٦، بەشی ٢، ل. ١٧٨).

بۆیە هەڵسەنگاندنەکەی میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی سەبارەت بە جافەکان نە لەجێی خۆیدایە و نە بنەمای هەیە، کاتێک بە هۆزێکی شەڕفرۆش ناویان دەبا و دەڵێ "رەعیەتی بێچارەی کوردستان لەدەستی هەڵسۆکەوتی ناشارستانیانەی ئەواندا بەردەوام سووک و سەرگەردان بوون" (میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی، پێشنیازەکانی زانایانی ئەنجومەنەی پەیمانگای دەستنووسە رۆژهەڵاتییەکانی ئاکادێمیای زانستیی رووسیا، ل. ٢٠٤).

ئەو بۆچوونە زور نێگاتیڤە لەهەمبەر یەکێک لە بەهێزترین و بەناوبانگ‌ترین کۆمەڵەی یەکگرتووی عەشیرەتی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر بێ جێیە، ئەگەرچی بەهەڵکەوت نییە و بەتەواویی هۆیەکی روون و ئاشکرایە. پەرتووکەکەی میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی بۆ پێهەڵگوتن بە بەژن و باڵای دەستەڵاتی ئێران نووسراوە و رەزامەندیی ئەو دەستەڵاتەی مەبەستە.

تا ئەو کاتەی میرانی خانەدانی ئەردەڵان لەدەستەڵاتدا بوون، سەرەڕای ملکەچ نەبوونی جافەکان و ئاڵۆزی لەنێوانیاندا، هەلومەرجەکە لە چوارچێوەیەکی گۆنجاودا تێدەپەڕی. شەڕ لە

نێوانیاندا ساز دەبوو، ئاشت دەبوونەوە، خانەدانی میران پێوەندیی خزمایەتییان لەگەڵیاندا ساز دەکرد و هەمدیسان بەشەر دەهاتنەوە. بە فەرمانی شا لەشکرکێشی بۆسەر جافەکان کراوە، ئەوانیش خافڵ نەبوون و جارجار ناوچەکانی دەوروبەری خۆیانیان خستووتە دڵڕاوکێ و ترسەوە (خوسرەو بن محمەد بەنی ئەردەڵان، ١٩٨٤، ل. ١٧٣)، بەڵام هەمیشە ڕێگاچارە دۆزراوەتەوە و هۆزیش درێژەی بە ژیانی ئاسایی خۆی داوە و گەرمێن و کوێستانی هۆزیش هەر بەردەوام بووە.

پاش ساڵی ١٨٦٧ کاتێک کۆتایی بە حکومەتی میرنشینی ئەردەڵان هێنرا، دەسەڵاتی ئێران و هۆزەکانی کورد کەوتنە ڕووبەڕوویی تاک بە تاکی یەکتر. دەسەڵاتی ئێران بۆ پێشگرتن لە گەرمێن و کوێستانی جافەکان لەو شوێنانەی بەزاندنی سنوورەکانی ئێران و عۆسمانی دەگرتەوە، هێزی سەربازی ڕەوانە ئەو ناوچانە کرد. ڕێوشوێنە باوەکانی ژیانی هۆز تێکچوو. مەڕوماڵاتی هۆز لەناو چوون و زیانێکی دارایی مەزن لەهۆز کەوت. سیستەمێکی ئابووری کە بە درێژایی سەدان ساڵ پێکهاتبوو، لەناوچوو.

نووسەری "حەدیقەی ناسریە" ئەنجامدانی فەرمانی شا سەبارەت بە "نابودکردنی هۆزی جاف"، بە یەکەم ئەرکی شازادە فەرهاد میرزا، حاکمی ئەردەڵان ناودەبا. دیارە فەرهاد میرزا نەیتوانی جافەکان نابود بکات[١]، بەڵام ڕاست ئەرکی سەرشانی شازادە نابود کردنیان بوو کە

[١] لەدەقەکەدا هاتووە: "ئەعلاحەزرەتی شازادە بەپێی فەرمانی شای تاجدار هەوڵی دا کاریان یەکسەرە بکاتەوە تا لە لاپەڕەکانی [مێژووی] کوردستاندا ناو و نیشانیان نەمێنێت". بڕوانە، میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی، تێبینییەکانی ئەنجومەنی زانایانی پەیمانگەی دەستنووسە ڕۆژهەڵاتییەکان سەر بە ئاکادێمیای زانستیی رووسیا. ل.٢٠٣.

دەکـرێ بیخەینە ریـزی تـاوانە مەزنەکـانی ماڵبـاتی پاشــا. "تـاوان"ی هەڵبەستراو بۆ جافەکان، تەنیـا بریـتی لە دوو جـار لە سـاڵێکدا سـنوور بەزانـدنی هۆزەکەیـان بـوو کە کـورد لە هەر دوو لادا نیشـەجێ بـوون و جافەکـــانیش تەنیــــا لەچوارچێــــوەی خــــاکی مێژوویــــی کوردســــتاندا هاتوچوویان تێدا دەکرد.

سـەبارەت بەو هەڵسـەنگاندنانەی نووسـەر سـەبارەت بە هۆزەکـانی هەورامــــی و جــــاف کە پێشــــتر ئاماژەمــــان پێکــــرد، پێویســــت بە روونکـــــرنەوەیەک هەیە. میـــــرزا عەلـــــی ئەکبەری کوردســـــتانی خزمەتکــــارێکی حــــاکمی قاجــــار بــــووە و نەیــــدەتوانی لە دەرەوەی هەڵوێستە سیاسییە فەرمییە و بۆچوونەکانی ماڵباتی شـادا بۆچوون و هەڵسـەنگاندنی هەبێـت. مخـابن، لەکـاتی چـاوپێکەوتن بەو لێـدووان و گۆشـە نیگایـانەدا نـاکرێ هەلومەجەکـان نەدیـدە بگریـن چۆنکـوو لای نووسـەری ئەو دیرانە هەلــــــومەرج گەلێــــــک گرنگــــــی هەیە لە هەڵسـەنگاندن و دەرخستنی راستییەکانی بۆچوونی مێژوونووسدا.

میــرزا عەلـی ئەکبەری کوردســتانی زۆر رێـزی هەبــووە بــۆ داب و نەریــتی (یاســای) عەشــیرەتی و وەک "بنەمــا کۆنەکـانی کە کــورد نــاتوانی خۆیــان لــێ بێبەری بکــات" چــاوی لێکــردووە. بەدرێژایــی نووسینەکانیدا، میرانی ئەردەڵان کە "یاسای هـۆز"یـان لەژێرپـێ نـاوە، بەدزێویی ناوی لێ بـردوون و بە شـان و بـاڵی ئەوانەشــی هەڵگوتــووە کە پەیرەوییــان لەو یاســایانە کــردووە. شەهاب ئەلموڵــک، والــی کوردستان، یەکێک لەو کەسانە بـووە کە بەپێـی داب و نەریـتی هـۆز و عەشیرەت هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکی کوردسـتاندا کـردووە و بـۆتە

مایەی پێهەڵگوتنی میرزا عەلی ئەکبەری کوردستان.

میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی لە پەڕتووکەکەیدا تەنیا خەریکی پێهەڵگوتن و بەدزێو ناوبردنی حاکمە جیاوازەکان نەبووە، بەڵکو بۆخۆی لە ساڵی ١٨٨٤دا، بەپێی "یاسای هۆز" کێشەی نێوان دوو هۆزی تیلەکۆ و "گەلبەگی"ی چارەسەر کردووە. نووسەر لەو کاتەدا لە کوردستانی موکریان و لە خزمەت سەیفەدینی موکری "مۆنشی باشی" بووە. جێنشینی پاشای ئێران بە برۆسکە فەرمانی گەڕانەوەی بۆ ئەڕدەڵان پێدەدات و میرزا عەلی ئەکبەریش بەوردی کێشەکانی نێوان ئەو دوو هۆزە بەپێی دابونەریتی عەشیرەتی چارەسەر دەکات.

دەکرێ بە بێ بەڵگە بڵێین کە لای میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی، هۆزەکانی کورد بەخۆدی خۆی جێگای گازەندە نەبوون، هەڵوێستەکەشی سەبارەت بە جاف و هەورامییەکان ئاساییە و بەهۆی فەرمیی بوونی پلەوپایەی لەکاتی نووسینی پەڕتووکەکەیدا یە.

سەرچاوەکان

1-Архив РАН, ф. 2, оп. 1–(1865), № 20

2- Бамдад М. Тарих-и риджал-и Иран корун-и 12–13–14, та’лиф-и Махди Бамдад. Тихран, 1966.

3-Васильева Е.И. Термины „таифе‟, „аширaт‟, „кабиле‟ в сочинении Шараф-хана Бидлиси
"Шараф-наме" // ППиПИКНВ. V. Л., 1969.

4-Васильева Е.И. Юго-Восточный Курдистан в XVIII — начале XIX в. Очерки истории эмиратов
Арделан и Бабан. М., 1991.

5-Васильева Е.И. Версии "инородного" происхождения знатных курдских фамилий как социаль-
ный феномен // ППиПИКНВ. XXIV. Ч. 1. М., 1991.

6-Васильева Е.И. Книга по истории Курдистана, которая остается ненайденной // ППиПИКНВ.
XXIV. Ч. III. М., 1991.
7-Васильева Е.И. Шараф-хан Бидлиси. Эпоха. Жизнь. Бессмертие. СПб., 2005.
8-Друвиль Г. Путешествие в Персию в 1812 и 1813 гг. / Пер. с франц. Ч. II. М., 1826.
9-Мах Шараф-ханум Курдистани. Хроника дома Ардалан (Та'рих-и Ардалан) / Пер. с. перс.,
введ. и примеч. Е.И. Васильевой. М., 1990.
10-Мела Махмуд Байазиди. Таварих-и кадим-и Курдистан (Древняя история Курдистана) Т. I /
Перевод "Шараф-наме" Шараф-хана Бидлиси с персидского языка на курдский (курманд-
жи). Изд. текста, предисл., указ. и оглавление К.К. Курдоева и Ж.С. Мусаэлян. М., 1986.
11-Мирза Али-Акбар Курдистани. Хадике-йи Насирийе. MS Института восточных рукописей РАН.
12-Мусаэлян Ж.С. А.Д. Жаба и курдоведение // ППиПИКНВ. XXIV. Ч. III. М., 1991.
13-Мухаммад Шариф Кази. Зубдат ат-таварих-и Санандаджи. MS библиотеки Кембриджского
университета.
14-Папазян А.Д. Новые источники по истории курдского

народа // Страны и народы Ближнего
и Среднего Востока. Т. VI. Курдоведение. Ереван, 1975.
15-Петрушевский И.П. Очерки по истории феодальных отношений в Азербайджане и Армении
в XV — начале XIX в. Л., 1949.
16-Петрушевский И.П. Ислам в Иране в XII–XV веках. Л., 1966.
Рашад Сабри Рашид (Рашад Миран). Этноконфессиональная ситуация в современном Курди-
стане. М.–СПб., 2003.
17-Тарих-и Ардалан. Та'лиф-и Хусрав ибн Мухаммад ибн Манчихр Ардалан машхур ба Мусан-
ниф. Тихран, мах-и сафар 3536.
18-Тарих-и Мардух. Та'лиф-и Мухаммад Мардух Курдистани. Джилд-и I–II. [Б.м.], 1944.
19-Хусрав ибн Мухаммад Бани Ардалан. Хроника (История княжеского дома Бани Ардалан). Фак-
симиле рук., пер. с перс., введ. и примеч. Е.И. Васильевой. М., 1984.
20-Шараф-хан ибн Шамсаддин Бидлиси. Шараф-наме / Пер., предисл., примеч. и прил. Е.И. Ва-
сильевой. Т. I. М., 1967.
21-Шараф-хан ибн Шамсаддин Бидлиси. Шараф-наме / Пер. с перс. предисл., примеч. и прил.
Е.И. Васильевой. Т. II. М., 1976.

22-Bruinessen M. van. Agha, Shaikh and State. On the Social and Political Organization of Kurdistan.
Utrecht, 1978 (repr. New Jersey, 1992).
23-[Browne E.G.] A Descriptive Catalogue of the Oriental MSS, Belonging to the Late E.G. Browne by
E.G. Browne / Complited and Edited by R.A. Nicholson. Cambridge, 1932.
24-Mardukh Abdollah. Contribution a l’etude de l’Histoire des Kurdes sous la dynastie Ardalān du XVIe
siecle au XIXe siecle. These de doctorat. P., 1988.
25-Minorsky V. Kurds, Kurdistan. III. History // EI2. Vol. V. 1981, fasc. 85–86. P. 447–464.
26-Nikitine B. Les Kurdes. Etude sociologique et historique. P., 1956.
27-[Rich Cl.J.] Narrative of a Residence in Koordistan and on the Site of Ancient Nineveh… by… Cl.J. Rich. Vol. 1–2. L., 1836.
28-Rowton M.B. Autonomy and Nomadism in Western Asia // Orientalia. 1973. Vol. 42. Fasc. 1–2.